تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5950) چوارشەممە 10ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ ساڵیادی کارەساتی بۆمبارانی زێوە:

کارەساتی زێوە یەکێکە لە لاپەڕە ڕەشەکانی دەوڵەتی عێراق و هیچ کاتێک لە یاد ناچێت

دوێنێ سێشەممە 9/6/ 2020سەرۆک بارزانی لە 35ـەمین ساڵیادی بۆمبارانکردنی کەمپی پەنابەرانی کورد لە ئێران کە بە ئۆردوگای زێوە ناسراوە، پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی وێڕای وەبیرهێنانەوەی بۆردومانکردنی کەمپەکە لەلایەن رژێمی بەعسەوە رایگەیاندووە، "ئەمڕۆ سی و پێنج ساڵ بەسەر بوردومانی (ئۆردوگای زێوە) تێدەپەڕێت. لە 9ـی حوزەیرانی 1985ـدا ڕژێمی بەعسی عێراق بە هەشت فڕۆکەی سیخۆ بە شێوەیەکی دڕندانە ئۆردۆگای پەنابەرانی زێوەی بوردومان کرد و ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی بێ تاوانی شەهید کرد". **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پێشنیازی کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق هەڵوەشێندرایەوە

ڕاوێژکاری دارایی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مزهەر محەمد ساڵح رایگەیاند کە پێشنیازی کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران هەڵوەشێندراوەتەوە و لە بەرامبەردا، بەپێی یاسای باجی دەرامەتی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، باج بەسەر ئەو کەسانەدا، دەسەپێندرێت کە زیاتر لە 500 هەزار دینار وەک مووچە وەردەگرن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

شانازیی بۆ هەموو ئەو لایەنانەیە کە بەشدار بوون لە دەرکردنی ئەو بڕیارە و لێشی پەشیمان نەبوونەوە

سەرۆک بارزانی: دەرکردنی بڕیاری ریفراندۆم دەستکەوتێکی گرانبەها بوو بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان



سەرۆک بارزانی، پەیامێکی لە ساڵیادی دەرکردنی بڕیاری ریفراندۆم و ڕایگەیاند، ئەم بڕیارە دەستکەوتێکی گرانبەها بوو بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و شانازییش بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدار بوون لە دەرکردنی ئەو بڕیارە و لێشی پەشیمان نەبوونەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

ئەمڕۆ یادی ڕۆژێکی میژوویی لە ژیانی سیاسیی گەلی کوردستان.

لە 7ـی حوزەیرانی 2017ـدا لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە کۆدەنگی بڕیاریان لەسەر ڕیفراندۆم دا بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بتوانێ لە ڕێگەیەکی ئاشتییانە دەنگ و ویستی خۆی بە جیهانیان بگەیێنێت.

ئەم بڕیارە دەستکەوتێکی گرانبەها بوو بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و شانازییش بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدار بوون لە دەرکردنی ئەو بڕیارە و لێشی پەشیمان نەبوونەوە.

لەم یادەدا پێزانینم بۆ ڕۆڵ و ماندووبوونی سەرجەم تێکۆشەر و ئازادیخواز و نیشتیمانپەروەرانی کوردستان هەیە و، هەزاران سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی.

مسعود بارزانی
7ی6ی2020

فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر:

هەندێ کەس و لایەن پرسی کۆرۆنایان بە سیاسی کرد



دوێنێ سێشەممە دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕایگەیاند: هەندێ کەس و لایەن پرسی کۆرۆنایان کردە ململانێی سیاسی و وایانکرد دۆخی کۆرۆنا هەرێمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی بچێت، ئەگەر بەم ئاستە بڕوات بە تایبەتیش خەڵکی سنووری شاری هەولێر ئەگەر ڕێکارە خۆپارێزییەکان نەگرنەبەر، بەرەو دۆخێکی خراپتریش هەنگاو دەنێین. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

ئەوانەی گوتیان کۆرۆنا نییە ژیانی خەڵکی کوردستانیان خستە مەترسییەوە

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیوایە ئەوانەی خەڵکی لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی سارد دەکەنەوە، تێکدەرن.

دوێنێ سێشەممە 9ی حوزەیرانی 2020 فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، لە ماوەی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانی بە سەرکەوتوویی ڕووبەڕووی پەتای کۆرۆنا ببێتەوە، بەڵام هەندێک کەس و لایەن بابەتەکەیان بە سیاسی کرد و خەڵکیان لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان سارد کردەوە و بەم هۆیەوە ئێستا دۆخێکی مەترسیدار ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

زیاتر لە 154 تۆن پێداویستیی پزیشکی لە دەروازەی سێمالکاوە گەیەندراونەتە ڕۆژئاوای کوردستان

دەروازەی سنووریی سێمالکا بە خاڵی سەرەکیی پەرینەوەی هاووڵاتیان و گواستنەوەی کەلوپەل دادەنرێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، هەر لە ڕێگای ئەو دەروازەیەوە ڕێکخراوە مرۆییەکان یارمەتی و پێداویستیی مرۆیی بە ڕۆژئاوا دەگەیەنن **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**.




هەرێمی کوردستان.. بەستنی دەمامک دەبێتە کولتووری خودپارێزی

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و زیادبوونی ڕێژەی مردن لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتیان زیاتر ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ دەکەن و بەو هۆیەشەوە شەقام و کۆڵانەکان و شوێنە گشتییەکان چۆڵبیان پێوە دیارە، سەرەڕای پەیڕەو نەکردنی قەدەغەکردنی هاتووچۆ.



لێکۆڵەرێکی سیاسی: مستەفا کازمی سوپای ڕێکخستووە و دەسەڵاتی مالیکی سنووردار کردووە

دوای پێکهێنانی حکوومەت لەلایەن "مستەفا کازمی"یەوە ململانێیە ناوخۆییەکانی ناو مالّی شیعەکان لە عێراق سەری هەڵداوەتەوە، نوری مالیکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکە لەدژی مستەفا کازمی و حکوومەتەکەی، بەڵام لێکۆڵەرێکی سیاسی پێی وایە کازمی لەم ماوەیەدا دەسەڵاتەکانی مالیکی سنووردار کردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



وەزیری دەرەوەی عێراق بەشداری کۆنگرەیەکی تایبەت بە لێکەوتەکانی کۆرۆنا کرد

وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕەوشی پەنابەرانی عێراق لە وڵاتانی دەرەوە و لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی تورکیا، ئوردن، لوبنان، پاکستان و نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا و کۆمیسیار بۆ کاروباری پەنابەران و ئاوارەکان تاوتوێ کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

تەنیا خۆپاراستن چارەسەرە

سەلام عەبدوڵلا

دوای سێ مانگ لە ڕاگرتنی ڕۆژنامەی خەبات، بۆ خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا، وا ئەمڕۆ یەکەمین ژمارەی دەکەوێتەوە بەر دەستی خوێنەران، ئەگەرچی ئێمە لە سایتی خەبات و xebat newspaper ڕۆژانە بە بەردەوامی هەواڵ و ڕووداوەکانمان گەرما و گەرم بۆ خوێنەران دەگواستەوە... لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی ڕۆژنامەی کاغەزی تام و چێژی خۆی هەیە.

لە ڕاستیدا دەکرا ئەم کارە زووتر دەستپێبکەینەوە بەڵام پابەندنەبوونی زۆرینەی خەڵک، بەتایبەتیش هەندێک گرووپ و لایەن کە کەوتنە چەواشەکاری بۆ بانگەشەی ئەوەی کە ئەم پەتایە ڕاست نییە و حکوومەت بۆ نەدانی مووچە ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاودەکاتەوە کە سەرلەبەری ڕاست نەبوون، بۆیە ئەم ماوە زۆر لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات خوێنەرانمان بێ بەشبوون.

ئەم پەتایە کە ئێستا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەرێمی کوردستان زیاتر تەشەنە دەکات و ژمارەی گیان لەدەستدان زیاد دەکات، ئیدی مۆڵەتی ئەو جۆرە درۆیە کە ئەم پەتایە وجودی نییە هیچ ڕەواجێکی نییە، هەرچەندە زیانێکی زۆری بە خەڵکی گەیاند کە دەبێت لەمەودوا لێپێچینەوە لە ڕەواجیکارانی ئەم درۆیانە بکرێ و سزای موستەحەقی خۆیان وەربگرن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، گەر مەسەلە تەنیا نەدانی مووچە بوو، ئەی بۆچی لەو وڵاتانەی کە بە ڕێکوپێکی مووچەیان دەدا لە هەرێمی کوردستان زیاتر بڵاودەبووەوە وەک وڵاتانی (ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا و ... هتد). ئێستا کە ئەو بانگەشە و چەواشەکارییە کە لە زیان زیاتری بە دانیشتوانی هەرێم نەبەخشی و ڕاستییەکان کەوتنەڕوو، ئیتر دەبێت هاووڵاتییان ئەمجارە زۆر بە تۆندی پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و گوێڕایەڵی بڕیارەکانی وەزارەتی تەندروستی و حکوومەت بن، چونکە لە نەبوونی ڤاکسینی ئەم پەتایە تەنیا چارە هەر خۆپاراستنە.

پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ سالیادی کارەساتی بۆمبارانی زێوە:

کارەساتی زێوە یەکێکە لە لاپەڕە ڕەشەکانی دەوڵەتی عێراق و هیچ کاتێک لە یاد ناچێت

دوژمن چەندە دڵڕەق و پڕچەکیش بێت ناتوانێ ڕێ لە ئیرادەی ئازادیخوازیی گەلی کورد بگرێ و سەرشۆڕ و تێکشکاو دەمێنێتەوە

دوێنێ سێشەممە 6/9/ 2020سەرۆک بارزانی لە 35ەمین سالیادی بۆمبارانکردنی کەمپی پەنابەرانی کورد لە ئێران کە بە ئۆردوگای زێوە ناسراوە، پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی وێڕای وەبیرهێنانەوەی بۆردومانکردنی کەمپەکە لەلایەن رژێمی بەعسەوە رایگەیاندووە، "ئەمڕۆ سی و پێنج ساڵ بەسەر بوردومانی (ئۆردوگای زێوە) تێدەپەڕێت. لە 9ی حوزەیرانی 1985دا ڕژێمی بەعسی عێراق بە هەشت فڕۆکەی سیخۆ بە شێوەیەکی دڕندانە ئۆردۆگای پەنابەرانی زێوەی بوردومان کرد و ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی بێ تاوانی شەهید کرد".
ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

ئەمڕۆ سی و پێنج ساڵ بەسەر بوردومانی (ئۆردوگای زێوە) تێدەپەڕێت. لە 9ی حوزەیرانی 1985دا ڕژێمی بەعسی عێراق بە هەشت فڕۆکەی سیخۆ ئۆردۆگای بە شێوەیەکی دڕندانە پەنابەرانی زێوەی بوردومان کرد و ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی بێ تاوانی شەهید کرد.

کارەساتی زێوە یەکێکە لە لاپەڕە ڕەشەکانی دەوڵەتی عێراق و هیچ کاتێک لە یاد ناچێت.
ڕژێمی بەعس بە ئەنفال و گرتن و ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان نەوەستا و تاوانی دڕندانەی زێوەشی ئەنجام دا. هەر کەسێک ناڵەی بریندار و جەستەی لەتلەتکراو و سووتاوی شەهیدانی زێوەی دیتبا، زۆر بە باشی دڕندەیی ڕژێمی ئەو کاتی عێراق و مەزڵوومییەتی گەلی کوردستانی بۆ دەردەکەوت. لە هەمانکاتیشدا، خۆڕاگری و قارەمانێتیی پەنابەرانی زێوە و دایکە ئامینا و سەدان نموونەی تری گەلی کورد، پەیامێکی ڕوون بوو بۆ هەموو لایەک کە دوژمن چەندە دڵڕەق و پڕچەکیش بێت ناتوانێ ڕێ لە ئیرادەی ئازادیخوازیی گەلی کورد بگرێ و سەرشۆڕ و تێکشکاو دەمێنێتەوە.
لەو یادە دڵتەزێنەدا سلاو بۆ گیانی شەهیدانی سەربەرزی زێوە و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سلاو بۆ گیانفیدایی و ئازایەتیی گەلی کوردستان.

مسعود بارزانی
9ی6ی2020





سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

شەهیدانی ئۆردوگای زێوە لە یادی ئێمەدا زیندوون

بەبۆنەی یادی بۆمبارانی ئۆردوگای زێوە لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی بەعس، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایەگەیەنێت، سەری ڕێز و نەوازش لەبەردەم گیانی شەهیدانی ئۆردوگای زێوە دادەنوێنین و هەمیشە لە یادی ئێمەدا زیندوون.
لە تویتێکدا نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند "بە شکۆوە یادی شەهیدانی ئۆردوگای زێوە دەکەینەوە و سەری ڕێز و نەوازش لەبەردەم گیانی پاکیان دادەنوێنین کە 1985/6/9 بوونە ئامانجی فڕۆکە جەنگییەکانی بەعس و ژمارەیەکی زۆری منداڵ، بەسالاچوو، ژن و پیاو شەهید و بریندار بوون. ئەوان هەمیشە لە یادی ئێمەدا زیندوون".

پەیامی سەرۆک بارزانی لە سالیادی شەهیدانی 9ی حوزەیرانی شاری سلێمانی:

دەیان تێکۆشەری سلێمانی لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە جەنابی بارزانیی نەمر بکەن بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید کران

دوێنێ سێشەممە 2020/6/9 سەرۆک مەسعود بارزانی لە سالیادی شەهیدانی 9ی حوزەیرانی شاری سلێمانیدا، پەیامێکی بڵاو کردەوە. لە پەیامەکەی سەرۆکدا هاتووە "57 ساڵ بەر لە ئێستا لە 9ی حوزەیرانی 1963دا دەیان تێکۆشەری سلێمانی لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە جەنابی بارزانیی نەمر و هێما نەتەوەییەکانیان بکەن، بە دەستی جەللادی ئەو کات (زەعیم سدیق) بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید کران".

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

کەم ڕۆژ هەن کە بیرەوەری و یادی کارەسات و نەهامەتیی گەلی کوردستانی تێدا نەبێت. ئەمڕۆ سالیادی کارەساتێکی تری پڕ لە قوربانیدانی خەڵکی کوردستان و شاری سلێمانییە. 57 ساڵ بەر لە ئێستا لە 9ی حوزەیرانی 1963دا دەیان تێکۆشەری سلێمانی لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە جەنابی بارزانیی نەمر و هێما نەتەوەییەکانیان بکەن، بە دەستی جەللادی ئەو کات (زەعیم سدیق) بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید کران.
ئەو شەهیدە سەربەرزانە نموونەی نیشتمانپەروەری و ڕەسەنایەتی شاری سلێمانین. لەو یادە دڵتەزێنەدا سلاو بۆ شەهیدانی 9ی حوزەیران و سەرجەم تێکۆشەرە ڕەسەنەکانی سلێمانی دەنێرین.

مسعود بارزانی
9ی 6ی 2020

وەزیری دەرەوەی عێراق بەشداری لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە لێکەوتەکانی کۆرۆنا کرد



وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕەوشی پەنابەرانی عێراق لە وڵاتانی دەرەوە و لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی تورکیا، ئوردن، لوبنان، پاکستان و نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا و کۆمیسیار بۆ کاروباری پەنابەران و ئاوارەکان تاوتوێ کرد.
لەوبارەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەحمەد سەحاف لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە فوئاد حوسێن لە کۆنگرەیەکی (ڤیدیۆ کۆنفرانسدا) بەشداریی کردووە کە بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی پەنابەران و ئاوارەکان لە سایەی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ سازکرابوو.
بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆنگرەکەدا، هەریەک لە وەزیرانی دەرەوەی ئوردن، لوبنان، پاکستان، تورکیاو نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا و کۆمسیار بۆ کاروباری پەنابەران و ئاوارەکان بەشداربوون.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە کۆنگرەکەدا، ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بۆ پاراستنی گیانی پەنابەران و ئاوارەکان لە سایەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بگیرێنەبەر تاوتوێ کراوە، جگە لەوەیش گفتوگۆ کراوە سەبارەت بە پێشکەشکردنی پالپشتی لەلایەن وڵاتانەوە بۆ ئەو چینانەی کە پەراوێزخراون. باس لەوەیشکراوە کە هەر لە میانی کۆنگرەکەدا، لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) لە داهاتوودا، پەیوەست بە پاراستنی گیانی ئاوارەکان، خراوەتە بەرباس.

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان: ئەوانەی گوتیان کۆرۆنا نییە ژیانی خەڵکی کوردستانیان خستە مەترسییەوە

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیوایە ئەوانەی خەڵکی لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی سارد دەکەنەوە، تێکدەرن.
دوێنێ سێشەممە 9ی حوزەیرانی 2020 فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، لە ماوەی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانی بە سەرکەوتوویی ڕووبەڕووی پەتای کۆرۆنا ببێتەوە، بەڵام هەندێک کەس و لایەن بابەتەکەیان بە سیاسی کرد و خەڵکیان لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان سارد کردەوە و بەم هۆیەوە ئێستا دۆخێکی مەترسیدار ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە.
لەمبارەیەوە شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێم و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی یەکێتی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەکو ڤایرۆسێکی تۆقێنەر و کوشندە بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە و لە هەرێمی کوردستانیشدا ژمارەیەکی زۆری حاڵەتی تووشبوون بەو ڤایرۆسە تۆمارکراوە. بەداخەوە ژمارەیەک هاوواڵاتی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیانلەدەست داوە، بۆیە پێویستە خەڵکی خۆپارێزی بکەن و ڕێکارەکانی تەندروستی جێبەجێبکەن، تاوەکو ژیانی هاوواڵاتییان لە مەترسییەکانی ڤایرۆسەکە پارێزراو بێت.
جێگری سەرۆکی هەرێم جەختیشی کردەوە، هەموو جیهان بەهۆی مەترسییەکانی کۆرۆناوە دەناڵێنێت، سەیرە هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ئەو ڤایرۆسە بوونی نییە، ڤایرۆسی کۆرۆنا سەدان هەزار کەسی کوشتووە ئیتر چۆن دەبێت خەڵکی خۆپارێزی نەکات یان هەندێک کەس خەڵکی سارد بکەنەوە بۆ ئەوەی خۆپارێزی نەکەن؟.
شێخ جەعفەر بە نیگەرانییەوە باسی ئەوانە دەکات کە خەڵکی لە خۆپاراستن سارد دەکەنەوە و دەڵێت: ئەوانەی خەڵکی لە مەترسییەکانی کۆرۆنا سارد دەکەنەوە، کەسانی تێکدەرن و بە مرۆڤ حیساب ناکرێن، هەروەها لەو کەسانەن کە گیانی خەڵکیان بەلاوە گرنگ نییە و لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا ئامادەن هەموو شتێک بکەن.

تا ئێستا هەزار و 467 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان هەیە

هەولێر.. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری بەڕێوەچوو



دوێنێ سێشەممە بە مەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و هەنگاوەکانی خۆپارێزی، بەسەرپەرشتی وەزیری تەندروستیی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە بەشداری ژمارەیەک لە پزیشک و پسپۆڕان کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری بەڕێوەچوو. وەزیری تەندروستیی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: لەگەڵ ژمارەیەک لە پزیشکان و پسپۆرانی جیاواز کە خزمەتیان لە بواری تەندروستییدا زۆرە، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا وەک دەستەی پسپۆری ڕاوێژکاری کە لە سەرجەم پارێزگاکانەوە هاتوون، بۆ پێداچوونەوە و گفتوگۆکردن لەسەر ستراتیجییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕاوێژی ئەوان گرنگە چونکە پێشتر نەخۆشی و ڤایرۆسی کوشندە هەبوون، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ جیاوازە، چونکە تا ئێستا دژەکەی بوونی نییە و هەموو هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ چارەسەرکردن، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکان بە ئەنجام نەگەیشتوون. سامان بەرزنجی گوتیشی: ئێستا سەدا 70ی تووشبووان لە قۆناغی دووەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا زۆری بەرکەوتەیە و ڕێژەی مردن لە سەدا دووە و ڕێژەی تووشبوون زیاترە لە چاکبوونەوە، ئێستاش پالپشتی هەمووانی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو ڤایرۆسە زیاتر تەشەنە نەکات، ئەوەیشی مەبەستمانە ئەوەیە کە هاوواڵاتی خۆی بپارێزێت و بەشێک بێت لە کۆنترۆلکردنی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی و دواتریش کۆمەڵگا.
وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سەبارەت بە ئامارەکانی تووشبووان و پشکنینی هاوواڵاتیان گوتی: تا ئێستا هەزار و 467 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان هەیە و پێشبینی دەکەین ژمارەکە لە چەند کاتژمێری داهاتوو و ڕۆژانی داهاتووشدا، زیاد بکات.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/6/10 ژمارە (5950)



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات

دوێنێ سێشەممە 2020/6/9 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد بە سەرۆکایەتی مێجەر جەنەرالّ جیرالد ستریکلاند جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا بۆ سەقامگیریی.

لە دیدارەکەدا کە ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوو، گرنگیی هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش تاوتوێ کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر پرۆسەی چاکسازییەکانی حکوومەت لە هەردوو بواری بەڕێوەبردن و دارایيدا، بەتایبەتیش هەنگاوە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی خستەڕوو.

لە بارەی پەیوەندییەکانیش لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا، سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە کێشەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و لە سەر بنەمای دەستوور بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێن.

جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا جەختی لە گرنگی بەردەوامبوونی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە لە لایەن هاوپەیمانان کردەوە بەتایبەتی لە بواری ڕاهێنانی سەربازیدا.

پێشنیازی کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق هەڵوەشێندرایەوە

باج بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێندرێت کە زیاتر لە 500 هەزار دینار وەک مووچە وەردەگرن

عێراق مانگانە بە بەهای یەک ملیار دۆلار نەوت دەدات بە کۆمپانیاکان

ڕاوێژکاری دارایی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مزهەر محەمەد سالّح ڕایگەیاند کە پێشنیازی کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران هەڵوەشێندراوەتەوە و لە بەرامبەردا، بەپێی یاسای باجی دەرامەتی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، باج بەسەر ئەو کەسانەدا، دەسەپێندرێت کە زیاتر لە 500 هەزار دینار وەک مووچە وەردەگرن. مزهەر محەمەد سالّح لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: عێراق بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجە پێویستی بەوەیە، نرخی یەک بەرمیل نەوت لە بازارەکاندا، بگاتە 56 دۆلار.

ڕاوێژکاری دارایی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مزهەر محەمەد سالّح باسی لەوەیش کرد کە لەئێستادا، زیاتر لە هەشت ملیۆن کرێکار لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن کە پێویستە کێشەکانیان لەڕووی ئابووریيەوە چارەسەر بکرێت و گوتی: پێنشیاز دەکەین دووبارە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی داهات دابندرێتەوە کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بوونی هەبوو بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ داهاتەکانی نەوتی بکات.

ڕاوێژکاری دارایی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مزهەر محەمەد سالّح ئاماژەی بەوەیش دا کە لە مەیانی سەپاندنی یاسای باجی دەرامەت بەسەر هەمووانداا، دادپەروەریی کۆمەلایەتی جێبەجێ دەکرێت. ئاشکراشی کرد کە عێراق لەبەرامبەر بەرهەمهێنانی نەوتدا، مانگانە بە بەهای یەک ملیار دۆلار، نەوت دەدات بە کۆمپانیاکان. لە کۆتاییدا مزهەر محەمد سالّح گوتی: لەئێستادا تێکڕای مووچەی بنەڕەتی، 14 تریلیۆن دینارە، هەروەها تێکڕای دەرمالّەی سالانەیش، 29 ملیار دینارە.

خۆی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە

لە ڕێی فەیسبووک و ئینستاگرامەوە پرسیار لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بکە



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی فەیسبووک و ئینستاگرامی خۆیەوە، هاشتاگی (#لێم_بپرسە)ی بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەموو هاووڵاتییەک بتوانن ڕاستەوخۆ پرسیار لە سەرۆکی حکوومەت بکەن و وەڵامەکەی وەربگرێتەوە.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم نووسیویەتی: هەوڵ دەدەم لە ماوەیەکی نزیکدا بە ڕێگەی ڤیدیۆ وەڵامی هەندێک لە پرسیارە باوەکان بدەمەوە.

لینکەکان:

فەیسبووک: facebook.com/masrourbarzani/posts

ئینستاگرام: instagram.com/masrourbarzani

ئێستا لە قۆناغێکی مەترسیدار داین

فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر: هەندێ کەس و لایەن پرسی کۆرۆنایان بە سیاسی کرد



دوێنێ سێشەممە دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕایگەیاند: هەندێ کەس و لایەن پرسی کۆرۆنایان کردە ململانێی سیاسی و وایانکرد دۆخی کۆرۆنا هەرێمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی بچێت، ئەگەر بەم ئاستە بڕوات بە تایبەتیش خەڵکی سنووری شاری هەولێر ئەگەر ڕێکارە خۆپارێزییەکان نەگرنەبەر، بەرەو دۆخێکی خراپتریش هەنگاو دەنێین.

ڕاشیگەیاند: ئێستا کاتی ئەوەیە خەڵکی هەولێر و هەرێمی کوردستان لەوانە بپرسێت کە تا دوێنی ئەم بابەتەیان خستە نێو ململانێی سیاسی و دۆخێکی وایان دروستکرد، وێرای هەموو ئەو هەنگاوە پیرۆزانەی کە حکوومەتی هەرێم و پارێزگای هەولێر گرتیانەبەر، بۆ نموونە قەزایەکی بچووکی وەکو چۆمان 20حاڵەتی کۆرۆنای لێ تۆمار کراوە، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم ژمارەیە زیاتر بڵاو دەبێتەوە.

دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر گوتیشی: ئێستا کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان بپرسێت لەپێناو بەرژەوەندیی تەسک، کۆمەڵێک دەروازەیان والاّ کرد و ڕێکارەکانیان شل کرد و هەرێمی کوردستانیان بەم ئاستەی ئێستا گەیاند، دەبێت ڕای گشتیی کوردستانیش هەڵوەستە لەسەر ئەمە بکات، بەداخەوە ئێمە ئێستا لە قۆناغێکی مەترسیدار داین. هەروەها پارێزگاری هەولێر ڕاشیگەیاند: ئێمە دەستبەرداری ئەم دۆخە نابین و لە هەموو کاتدا جدیترین و هەوڵ دەدەین ئەم دۆخە کۆنترۆڵ بکەین، وا بکەین گوزەران و بژێوی خەڵک بەردەوام بێت و ڕێکارەکانی خۆپارێزیش پەیڕەو بکرێت، لەگەڵ کردنەوەی بازارەکانیش دەستمانکردووە بەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکان.

پارێزگاری هەولێر ڕاشیگەیاند: ئەم قۆناغە قۆناغی ژیانکردنە لەگەڵ ئەم قایرۆسە، ئەگەر بمانەوێت ژیانمان بەردەوام بێت لەگەڵ ئەم قایرۆسە، دەبێ خۆپارێز بین، ئێمە لەگەڵ داخستنی شوێن و بازاڕ نین، بۆیە هەر کەسێک سەرپێچی بکات، ناچار دەبین شوێنەکەی لێ دابخەین و ئیجرائاتی لەگەڵدا بکەین.

پارێزگاری هەولێر گوتیشی: خەڵکێک دەیویست دۆخی کۆرۆنا بە هەل بزانێت، لەو ماوە توانیمانە بە تەواوی ڕێگری لە زێدەڕۆیی بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە 20 ئامێری پایل دەستیان بەسەردا گیراوە، هەروەها 2000 زێدەڕۆیی لە زەوی و دروستکردنی باخچە و سیم و خانوو، تێکدراون، وێڕای ئەمە 119 تۆن دەرمان و خۆراک و ماددەی ماوە بەسەرچووش دەستیان بەسەردا داگیراوە و بکەرەکانیان دراونەتە دادگا.

لێکۆڵەرێکی سیاسی: مستەفا کازمی سوپای ڕێکخستووە و دەسەڵاتی مالیکی سنووردار کردووە



دوای پێکهێنانی حکوومەت لەلایەن "مستەفا کازمی"یەوە ململانێیە ناوخۆییەکانی ناو مالّی شیعەکان لە عێراق سەری هەڵداوەتەوە، نوری مالیکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکە لەدژی مستەفا کازمی و حکوومەتەکەی، بەڵام لێکۆڵەرێکی سیاسی پێی وایە کازمی لەم ماوەیەدا دەسەڵاتەکانی مالیکی سنووردار کردووە.

کوتلەیەکی نوێ لە پەرلەمانی عێراق بۆ پشتیوانیی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق لەژێر ناوی کوتلەی (دژە مەزهەبی و نەتەوەیی) پێکهێندرا کە پێکهاتووە لە هاوپەیمانیی حیکمە و ئیرادە و کەفائە و زۆرینەی هاوپەیمانیی نەسریان لەگەڵدایە، کە ئامانجی سەرەکییان پشتیوانییە لە مستەفا کازمی و حکوومەتەکەی.

لە بەرامبەردا بەپێی زانیارییەکانی (باسنیوز) لەناو پەرلەمانی عێراقدا جوولّەی سیاسیی دیکە بە ئاراستەی دژایەتی ئەو هاوپەیمانێتییە دەستی پێ کردووە، کە نووری مالیکی سەرکردایەتیی دەکات.

تاکوو ئێستاش هەریەک لە هاوپەیمانیی (فەتح و سائیروون و سادقوون) بە شێوەیەکی گشتی لە ململانێکانی کازمی و مالیکیدا بێلایەنن، کە خۆدانەپاڵ هەر یەکەیان، کاریگەری دەخاتە سەر هاوپەیمانێتییەکان.

لەمبارەوە، د. سەنگەر سەید قادر، لێکۆڵەری سیاسی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئەو هاوپەیمانێتییە نوێیەی کە دژ بە حکوومەت پێک هاتووە، لەوە دەچێت بەرەی فەتحیش مەیلی چوونە پاڵی هەبێت، ئەگەر هەڵبژاردن نزیک ببێتەوە بە دوور نازانرێت سائیرونیش بچێتە بەرەی دژی حکوومەتەوە، چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو هێزانە بەرپرسایەتیی حکوومی ناخەنە ئەستۆی خۆیان و دەنگ بەو شێوازە سیاسەتکردنە کۆ دەکەنەوە.

د.سەنگەر، گوتیشی: ئەوەی ئایندەی حکوومەتی کازمی یەکلایی دەکاتەوە، توانای کازمییە لە ڕاگرتنی بالانسی هێز لە نێوان ئەمەریکا و عێراقدا، کە دانوستانەکانی ئەمەریکا و عێراق لە 10ی ئەم مانگە بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ دەست پێ دەکات. ئەو لێکۆڵەرە سیاسییە ئاماژەی بەوەش دا: کازمی لە یەکەم مانگی حکوومەتداریدا توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر پشتیوانیی شەقام بەدەست بهێنێت و لەلایەکی دیکەشەوە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی سوپای ڕێک خستووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سنووری بۆ دەسەڵاتی مالیکی داناوە.

زیاتر لە 154 تۆن پێداویستیی پزیشکی لە دەروازەی سێمالکاوە گەیەندراونەتە ڕۆژئاوای کوردستان



دەروازەی سنووریی سێمالکا بە خاڵی سەرەکیی پەڕینەوەی هاووڵاتیان و گواستنەوەی کەلوپەل دادەنرێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، هەر لە ڕێگای ئەو دەروازەیەوە ڕێکخراوە مرۆییەکان یارمەتی و پێداویستیی مرۆیی بە ڕۆژئاوا دەگەیەنن بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام داخستنی ئەم دەروازەیە بۆ ماوەیەک ئاستەنگی زۆری لەم ڕووەوە دروست کرد. د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لەمبارەوە ڕایگەیاند: ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان لەڕێگەی دەروازەی سێمالکاوە هاتوچۆی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن، هەروەها ڕێکخراوە مرۆییەکانیش لەم ڕێگایەوە کەلوپەل و هاوکارییەکانیان دەگوازنەوە. لەمبارەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری دەکات، بەڵام لە دوای بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا لە ڕێکەوتی 2020/3/1 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەرەوە ئەم دەروازەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان داخرا و ئەمەش تا ڕادەیەک ئاستەنگیی دروست کرد بەتایبەتی بۆ گەیاندنی کەلوپەلی پزیشکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕوونیشی کردەوە: داخستنی دەروازەکە ئاستەنگی بۆ ڕێکخراوەکان دروست کرد بۆ ئەنجامدانی کاری مرۆیی، داوایان کرد کە ئەم دەروازەیە بکرێتەوە، بۆیە بە میکانیزمێکی گونجاو لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتیی خوسەر بڕیار درا کە هەفتانە ڕۆژانی سێشەممە دەروازەکە بکرێتەوە بۆ ناردنی پێداویستیی مرۆیی و خۆراک بەتایبەتی کەلوپەلی تایبەت بە خۆپاراستن و ئەنجامدانی پشکنینی قایرۆسی کۆرۆنا. زێباری ئاماژەی بەو ڕێکخراوانە کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا هاریکاریی پزیشکییان گەیاندووەتە ڕۆژئاوای کوردستان و گوتی: ژمارەیەک ڕێکخراوی مرۆیی نێودەوڵەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم هاوکارییەکانیان گەیاندووەتە ڕۆژئاوای کوردستان کە بریتی بووە لە کەلوپەلی تاقیگە و پشکنینی کۆرۆنا، داو و دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی فریاکەوتنی خێرا، کەرەستەی تیشکی سەروو دەنگ، یارمەتی بۆ بەسالاچووان و کەم ئەندامان و کەرەستەی پاککردنەوە بەم شێوەیە: ڕێکخراوی MSF - Holland نزیکەی لە 50 تۆن داو و دەرمان، ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنووری هۆڵندی نزیکەی 48 تۆن، ڕێکخراوی MSF - Switzerlandیەک تۆن، ڕێکخراوی UPP Italian Organizationزیاتر لە 5تۆن، ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی IRC Organizationزیاتر لە 9تۆن، ڕێکخراوی Barkopharma Companyزیاتر لە 11تۆن، کۆمپانیای وۆرلد واید زیاتر لە 12 تۆن، ڕێکخراوی مینتۆری بەڕیتانی 357 کیلۆ گرام و 50 ترۆمپا، ڕێکخراوی بەحر نزیکەی 3 تۆن ، ڕێکخراوی MDMزیاتر لە 2 تۆن، کۆمپانیای American Power Gate نزیکەی یەک تۆن، کۆی گشتی ئەو هاوکارییانە نزیکەی 154 تۆن کەلوپەل و کەرەستەی پزیشکی بووە. سەبارەت بە ئاسانکارییەکان بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان و گەیاندنی بە ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: ئێستا قەیرانی دەستکەوتنی کەلوپەل و کەرەستەی پزیشکی تایبەت بە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە و ڕێنمایی تایبەتیش دەرچووە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگری لە هیچ ڕێکخراوێک نەکردووە بۆ دابینکردنیان، بەڵکوو ئاسانکاریی زۆریشیان بۆ کردوون، هەروەها باج و ڕسوومەتیش لە ڕێکخراوەکان وەرناگیرێت لە بەرامبەر گەیاندنی ئەم کەلوپەلانە بە ڕۆژئاوای کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆی حکوومەتی هەرێم و ئەو ڕێنماییە تایبەتانەی لەلایەن لیژنەی بالای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەرچوون.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:

بارودۆخی جیهان بەهۆی کۆرۆناوە بەرەو خراپتر دەڕوات

شەپۆلەکانی کۆرۆنا تا زستانی داهاتوو بەردەوام دەبێت



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هۆشداری زیاتری خراپبوونی ڕەوشی تەندروستی وڵاتانی دنیا بەهۆی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆڤید 19دەدات و داوا دەکات ڕێنماییە تەندروستیەکان باشتر جێبەجێ بکرێت.

تیدرۆس ئادهانۆم بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، دوێنێ ژمارەیەکی پێوانەیی لەتووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنا لەهەردوو ئەمەریکا تۆمار کراوە، ئەمەش لەوکاتەدا بووە کە خۆپیشاندان لەدژی ڕەگەزپەرستی لە ئەمەریکا و چەند وڵاتێکی هەردوو کیشوەر بەڕێوەچوو. بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دوێنێ لە ژنێفەوە ڕایگەیاند: ئەگەرچی لە ئەورووپا ڕەوشی تەندروستی و بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆڤید 19 بەرەو باشبوون دەڕوات، بەڵام لەناوچەکانی تری جیهان وەک هەردوو ئەمەریکا و ئاسیا و ئەفریقیا ڕەوشەکە بەرەو خراپتر دەڕوات. گوتیشی: ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو 136 هەزار کەس لەجیهاندا تووشی ئەم قایرۆسە بوون و ئەوەش گەورەترین ژمارەی تووشبوونە لەو کاتەوەی ئەم قایرۆسە سەریهەڵداوە لەجیهاندا. گوتیشی: مەترسیدارترین شت ئەوەیە کە خەڵک دەستبەڵبگرێ لەخۆپارێزی و ئیجراتاتەکانی خۆپارێزی کە بەهۆیەوە ڕەنگە سەرتاسەری جیهان ڕووبەڕووی مەترسییەکانی ئەم قایرۆسە ببنەوە.

لەبارەی ماوەی کۆنترۆڵکردنی ئەم قایرۆسە بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی گوتی: دوای شەش مانگ لە بڵاوبوونەوەی ئەم قایرۆسە و تووشبوونی نزیکەی 7 ملیۆن کەس لەجیهاندا بەڵام هێشتا ئاستێکی ڕوون بۆ ماوەی کۆتایهاتنی ئەم قایرۆسە نییە و دەبێ پرۆسەی خۆپارێزی زۆر بەجدیتر بەردەوام بێت.

هۆشداری ئەوەشی دا کە لەم بارودۆخەدا هەر کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێک بۆ هەر مەبەستێک لەجیهاندا مەترسییەکانی تووشبوونی خەڵکی زیاتر بەم قایرۆسە زیاتر دەبێت بەتایبەتیش ئەگەر لەنێوان خۆپیشاندەران ماوەی گونجاو نەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە هەر دوێنێ سێشەممە نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراق، دکتۆر ئەدهەم ئیسماعیل ڕایگەیاند، وێڕای زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بە پەتای قایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بەڵام تاکی هاووڵاتی عێراقیی گومانی لە بوونی پەتاکە هەیە. گوتیشی: لە ماوەکانی ڕابردوودا، ڕێوشوێنی باش بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە عێراق گیراونەتەبەر، بەڵام تۆندی لە جێبەجێکردنی وەک پێویست نەبوو، هەروەها تا ئەو پاتەیە کۆنترۆڵ دەکرێت، قەدەغەکردنی هاتوچۆ درێژ دەکرێتەوە .

ئەدهەم ئیسماعیل ئەوەشی گوتووە: ئەگەر سیستەمی تەندروستیی هەرەس بهێنێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بە پەتای کۆرۆنا دەبێت، جگە لەوەیش ئەگەر هاووڵاتییان پابەند نەبن بە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی، ئەوا عێراق دەبێت بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. باسی لەوەیش کردووە بەهۆی ئەوەی تا ئێستا چارەسەر و ڤاکسین بۆ پەتای کۆرۆنا نەدۆزراوەتەوە، ئەوا شەپۆلەکانی بڵاوبوونەوەی پەتاکە تا وەرزی زستانی داهاتوو بەردەوام دەبێت.

هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش: لە ڕووداوەکەی بنکەی ئاسمانیی تاجی چوار ئەندامی تیمی فڕۆکەوانی بریندار بوون



هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش ڕایگەیاند کە لە ڕووداوی تێکشکانی فڕۆکە سەربازییەکەی ئەمەریکا لە بنکەی ئاسمانیی تاجی باکووری بەغدا، چوار ئەندامی تیمی فڕۆکەوانی فڕۆکەکە، برینداربوون. لەوبارەیەوە گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش، مایلز کیگینز لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە کە فڕۆکەیەکی سەربازی جۆری سی 130 سەربە هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا لە میانی نیشتنەوەی لە بنکەی ئاسمانیی تاجی بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکییەوە لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە و خۆی بە بەربەستە کۆنکریتییەکان کێشاوە و لە ئەنجامدا، تێکشکاوە.

مایلز کیگینز ڕاشیگەیاندووە کە بەهۆی ڕووداوەکەوە بەشێکی فڕۆکەکە سووتاوە، بەڵام تیمەکانی فریاکەوتن لە میانی چوار خولەکدا، گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و ئاگرەکەیان کوژاندەوە و سەرنشینانی فڕۆکەکەیان دەرهێنا.

گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش، مایلز کیگینز ئەوەیشی خستووەتەڕوو کە بەهۆی ڕووداوەکەوە، چوار ئەندامی تیمی فڕۆکەوانی فڕۆکەکە برینداربوون کە لەئێستادا لە بنکەی تەندروستیی بنکەی ئاسمانیی تاجی چارەسەر دەکرێن.

ناوبراو ڕاشیگەیاندووە کە لەگەڵ ئەوەی هیچ گومانێکیان نییە لەوەی لایەنێکی دوژمن لە تێکشکانی فڕۆکەکەوە تێوەگلابێت، بەڵام لەئێستادا لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە دەستی پێکردووە و ئاماژەی بەوەیش داوە کە ڕێوشوێنی خێرای تیمەکانی فریاگوزاری و ئاگرکوژاندنەوە یارمەتیدەر بووە لە ڕزگارکردنی بریندارانی. پێشتر ئەفسەرێک لە هێزی ئاسمانیی عێراق ڕایگەیاندبوو کە فڕۆکەیەکی سەربازیی ئەمەریکا لە میانی نیشتنەوەی لە بنکەی ئاسمانیی تاجی باکووری بەغدا، تێکشکاوە و هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتووەتەوە.

فەڕەنسا... 29 هەزار و 209 کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە

لە فەڕەنسا ژمارەی ئەو کەسانەی بە هۆی قایرۆسی کۆرۆنای نوێوە گیانیان لەدەستداوە بۆ 29 هەزار و 209 کەس بەرزبوویەوە. بەپێی ئەو ڕاگەیەنراوەی کە لەلایەن دەزگای تەندروستی گشتیی فەرەنساوە بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبووبن بە قایرۆسی کۆرۆنا لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 211 حاڵەت زیادیکردووە و گەیشتووەتە 191 هەزار و 593حاڵەت.

هاوکات بەهۆی قایرۆسی کۆرۆناوە بەو هەزار و 24 نەخۆشەی ژێر چاودێری چڕ، کۆی گشتیی 12 هەزار و 315 کەس لە نەخۆشخانەکان چارەسەر وەردەگرن. ژمارەی نەخۆشەکانی یەکەی چاودێریی چڕ، ماوەی 61 ڕۆژە ڕوو لە داکشانە. هەروەها 245 تووشبووی دیکە بەسەر قایرۆسەکەدا سەرکەوتوون و کۆی گشتیی 71 هەزار و 62نەخۆش چاکبوونەتەوە و نەخۆشخانەیان جێهێشتووە. هەر بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 54 تووشبوو لە نەخۆشخانەکان گیانیان لەدەستداوە و بەمشێوەیە کۆی گشتی گیانلەدەستدان بەهۆی کۆرۆناوە بۆ 29 هەزار و 209 کەس بەرزبووەتەوە.

موشەکێک لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا کەوتەخوارەوە

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە موشەکێک لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا کەوتووەتەخوارەوە و ڕووادوەکەیشی بە کردەیەکی تیرۆریستیی لە قەڵەمداوە. لەوبارەیەوە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئاماژە بەوە داوە، موشەکێک کە دەرکەوت لە ناوچەی عەرەب خزیر باشووری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا ئاراستەکرابوو لە دەوروبەری فڕۆکەخانەکە کەوتووەتەخوارەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە هێزە ئەمنییەکان، هەڵمەتێکیان بە ئامانجی گەڕان و دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە ئەو کردەیەیان ئەنجامداوە، دەست پێکردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە کە ئایە کەوتنەخوارەوەی موشەکەکە زیانی هەبووە یان نا. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ لایەنێک بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی هێرشەکە ڕانەگەیاندووە.

جێی باسە لە میانی ئەمساڵدا، ئەمە سێیەم جارە، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا بە موشەک دەکرێتە ئامانج. لە مانگەکانی کانوونی دووەم و ئایاری ڕابردوودا، دوو موشەک ئاراستەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا کرابوون کە بەهۆیەوە ژمارەیەک کارمەندی ئەمنیی کوژران و بریندار بوون.

موقتەدا سەدر داوا لە ئەمەریکا دەکات هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە

سەرکردەی ڕەوتی سەدر لە عێراق، موقتەدا سەدر داوای لە ئەمەریکا کرد کە هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە. لەمبارەیەوە موقتەدا سەدر ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا هاتووە "نەک هەر بە گرنگی دەزانم، بەڵکو لەسەر ئەمەریکا پێویستە، سەرەتا شێوازی دوژمنکارانە و دژایەتیکردنی لەگەڵ گەلەکەی خۆی و دواتر لەگەڵ گەلانی جیهاندا، بگۆڕێت".

داوایشی لە ئەمەریکا کردووە کە هێزەکانی لە هەموو وڵاتانی جیهان بە تایبەتیش لە عێراق بکشێنێتەوە بۆ ئەوەی شکۆ و کەرامەتی گەلان پارێزراو بێت. ڕەوتی سەدر خاوەن گرووپێکی چەکدارییە بە ناوی "سەرایا سەلام" کە سەربە حەشدی شەعبییە.

ئەو داوایەی موقتەدا سەدر لە کاتێکدایە، چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی 10 و 11ی ئەم مانگە گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان بەغدا و واشنتۆن بە ئامانجی تاوتوێکردنی چارەنووسی بوونی سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق لەگەڵ هاوکارییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان هەردوو وڵات ساز بکرێت.

دوای ئەوەی لە سێی کانوونی دووەمی ڕابردوو فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە بۆردومانێکی فڕۆکەکانی ئەمەریکا لە بەغدا کوژران، گرژی کەوتە نێوان حکوومەتی کاربەڕێکەری پێشووی عێراق، بەسەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی و ئیدارەی ئەمەریکا.

دوای کوژرانی سولەیمانی و موهەندیس، عادل عەبدولمەهدی داوای لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد بڕیارێک دەربکات کە بەپێیەوە هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش ناچار بکات کە لە عێراق بکشێنەوە، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو کە مامەڵە لەگەڵ ئەو بڕیارانە ناکات کە لەلایەن حکوومەتی دەستلەکارکێشاوەی عێراقەوە دەردەکرێن. ئەمەریکا لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتیی دژبە داعش، پێنج هەزار سەربازی لە ژمارەیەک بنکەی سەربازیی عێراق، جێگیرکردووە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/6/10 ژمارە (5950)
خەبات



نەتەوە یەکگرتووەکان: نزیکەی سەدا 25ی تووشبووانی کۆرۆنا لە یەمەن گیان لەدەستدەدەن

نووسینگەی کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەمەن لەبارەی بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەو ولاتە راگەیەندراوێکی بلاوکردووەتەوە و تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە 10ی نیسانەوە تا ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، 486 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراون و لەو ژمارەیەش 112یان گیانیان لەدەستداوە کە دەکاتە نزیکەی لە سەدا 25ی تووشبووان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە کە سەدا 75ی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕەگەزی نێرن و تەمەنیان لەنێوان 45 تا 59 ساڵی دایە، و لەڕووی زۆری حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکەوە شاری عەدەن لە ڕیزبەندی یەکەمدا دێت کە 130 حاڵەتی لێ تۆمار کراوە، دوای ئەویش شاری حەزرەمەوت دێت کە 126 حاڵەتی لێ تۆمارکراوە.باس لەوەیش کراوە کە بەپێی چەند ڕاپۆرتێک، سەدان کەس لەو ولاتە بەهۆی دەرکەوتنی چەند نیشانەیەکی هاوشێوەی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.



میسر... ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە هەزار و 271 کەس

وەزارەتی تەندروستیی میسر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی خستەڕوو کە 34 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لەو ولاتە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، هەزار و 271 کەس.

هەرودها باس لەوەیش کراوە کە هەزار و 365 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراون و ژمارەی حاڵەتەکان گەیشتووەتە، 35 هەزار و 444کەس و ژمارەی ئەو تووشبووانەیشی دوای وەرگرتنی چارەسەر چاکبوونەتەوە گەیشتووەتە، نۆ هەزار و 375 کەس. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە زۆرینەی حاڵەتەکان لە شاری قاهیرەی پایتەخت تۆمارکراون، کەمترین حاڵەتەکانیش لە پارێزگاکانی دەریای سوور، مەتروح و باشووری سینا تۆمارکراون.

نەبوونی هۆشیاریی تەندروستی و پابەند نەبوونی هاوواڵتیان

هۆکاری سەرەکی تەشەنەسەندنی کۆرۆنایە لە عێراق



گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی عێراق دەڵێ، توانیویانە کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەن، بەڵام هێشتا کۆرۆنا هەڕەشەی جیددیە لەسەر ولاتان. دەشڵێ، نەبوونی هۆشیاریی تەندروستی، هۆکاری تەشەنەسەندنی کۆرۆنایە لە عێراق.

سەیف بەدر، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: نەبوونی هۆشیاریی تەندروستی لە عێراقدا، بووەتە هۆکاری ئەوەی ژمارەی تووشبووان بە پەتای کۆرۆنا ڕوو لە زیادبوون بکات.

بەدر ئاماژەی بەوەش داوە، کە ئەوان سەنتەری دەستنیشانکردنی پەتای کۆرۆنایان لە هەموو عێراقدا بە کوردستانیشەوە زیاد کردوون، ئەمەش بووەتە هۆی ئاسانکاری و بەڕێکردنی خێرای نەخۆشەکان.

دەشڵێ، ئێستا ڕەوش تا ڕادەیەک باشە، بەڵام ئەگەر خەڵک هاوکار نەبێ و خۆیان نەپارێزن، ئەوا دۆخەکە لە ژێر کۆنترۆڵی هەمووان دەردەچێت.

بەرپرسێکی زۆر نزیک لە ئەردۆغان دەستی لەکار کێشایەوە

عەلی باباجان: تورکیا وەکوو ساڵانی حەفتاکان هەژار بووەتەوە

عەلی باباجان سەرۆکی پارتی (دەوا) لە تورکیا، هەموو ئەو هەڵسەنگاندنانەی ڕەجب تەییب ئەردۆغان ڕەت دەکاتەوە کە بۆ ئابووریی تورکیا کردبووی، ئەو پێی وایە ڕەوشی ئابووریی تورکیا بە جۆرێکە گەڕاوەتەوە دۆخی ساڵانی حەفتاکان و وەکوو ئەوکات هەژار بووەتەوە. باباجان لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ Fox TVقسەیەکی ئەردۆغان ڕەت دەکاتەوە کە باسی لە گەشەکردنی ئابووریی تورکیای کردبوو.

باباجان دەشڵێت: بواری ئابووری لەلای هاوواڵتیان و لەلای حکوومەت زۆر جیاوازە، ئێمە سەیری تابلۆی هاوواڵتی دەکەین لەڕووی ئابوورییەوە، کاتێکیش ئەوەی حکوومەت و هاوواڵتی لەگەڵ یەکتریدا بەراورد پێ دەکەین، دەردەکەوێت کە جیاوازی زۆرە و ناگونجێن بە یەکەوە، ئەمەش دەریدەخات کە ئەوەی ئەردۆغان دەیڵێت ڕاست نییە. تورکیا لەڕووی ئابوورییەوە گەڕاوەتەوە ساڵانی حەفتاکان و وەکوو ئەوکات هەژار بووەتەوە.

باباجان باس لە تاکڕەویی ئەردۆغان دەکات و، دەڵێت کاتێک تورکیا بەڕووی دەرەوە دادەخات و کاتێک لەڕێگەی میدیاوە هاوواڵتیان بێدەنگ دەکات، بۆیە هەر شتێک بیەڵێت هاوواڵتیان بڕوای پێ دەکەن. گوتیشی: تورکیا خۆی بەڕووی دنیادا داخستووە، کە هەموو ڕژێمێکی تاکڕەو ئەمە دەکات، بەڵام تا سەر وا نابێت و گۆڕانکاری بەڕێوەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسێکی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)ی دەسەڵاتداری تورکیا، کە زۆر نزیک بووە لە سەرکۆمار و سەرۆکی ئاکەپە، دەستی لەکار کێشایەوە. شامیل تەیار، جێگری بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەو پارتە، بە فەرمی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە پۆستە حیزبییەکەی ڕاگەیاند. شامیل تەیار لە هەڵمەتێکی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)، بەبێ ئامادەکردن بە هۆکارەکەی، ڕایگەیاندووە، بڕیاری داوە واز لە سیاسەت بهێنێت و بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی خۆی، کە پارێزەرایەتییە.

ئەو بەرپرسە، کە پەڵەمانتاری پێشووی ئاکەپە بووە و ماوەیەکیش لە سەرکردایەتیی حزب بووە، بە کەسێکی زۆر نزیکی ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرکۆماری تورکیا و سەرۆکی ئاکەپە دادەنرا و بەردەوام ئەردۆغانی وەک فریادڕەسی تورکیا ناوزەد دەکرد. بەپێی زانیارییەکانی چەند میدیایەکی تورکیا، شامیل تەیار چاوی لەوە بووە لەناو ئاکەپەدا پۆستەکەی بەرزتر ببێتەوە و لە حکوومەتیش پۆستی وەزیری پێ بدرێت، بەڵام ئاواتەکەی نەهاتووەتە دی، بۆیە کاتێک بێئومێد بووە لە پارتەکەی، ئامادەکردن بە هۆکارەکەی، دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

ئیتاڵیا... تا ئێستا 33 هەزار و 964 کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە



لە ئیتاڵیا لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 65 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسەکە لەو ولاتە بۆ 33 هەزار و 964 بەرزبووەتەوە .دواین ئامارەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئیتاڵیا، کە ماوەی سێ مانگە ئەو ولاتەی تەنیوە لەلایەن دامەزراوەی بەرگریی شارستانی لە ڕێگەی ڕاگەیەنراوێکەوە بڵاوکرایەوە.

بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکە، ژمارەی کەیسە چالاکەکانی تووشبوون لە ولاتەکە بە کەمبوونەوەی 532 حاڵەت داکشاوە بۆ 34 هەزار و 730 بەمەش کۆی گشتیی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ولاتەکە تاوەکو دوێنێ سێشەممە 235 هەزار و 278 حاڵەتە. ژمارەی حاڵەتە نوێیەکانی تووشبوونیش لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 280 حاڵەت بووە.

بەپێی ئامارەکانی بەرگریی شارستانی ئیتاڵیا، ژمارەی ئەو تووشبووانەی لە ڤایرۆسەکە چاکبوونەتەوە، 747 زیادیکردووە و کۆی گشتیی بۆ 166 هەزار و 584 بەرزبووەتەوە. ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوە کردووە لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 65 حاڵەتی نوێی گیان لەدەستدان لە سەرانسەری ئیتاڵیا، تۆمارکراوە و کۆی گشتی گیانلەدەستدان بۆ 33 هەزار و 964 بەرزبووەتەوە.

تۆمارکردنی 87 حاڵەتی دیکە کۆرۆنا لە شاری نەجەف

سەرچاوەیەکی پزیشکی لە عێراق ڕایگەیاند کە 87 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە شاری نەجەف باشووری ئەو وڵاتە، تۆمارکراوە. سەرچاوەکە بە میدیاکانی خۆجێیی ڕایگەیاندووە کە لە تاقیگەکاندا، پشکنین بۆ ژمارەیەک حاڵەت ئەنجامدراوە کە 87 حاڵەتیان پۆزەتیڤ دەرچوون. بەگوتەی سەرچاوەکە، تووشبووەکان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەر دوێنێ لە نەجەف، 51 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون.

لەلایەکی دیکەشەوە گوتەبێژی شانەی قەیرانەکان لە پارێزگای موسەننا باشووری عێراق، محەمەد حاجم تۆمارکردنی حاڵەتێکی دیکەی گیانلەدەستدان بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ڕاگەیاند. محەمەد حاجم لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئافرەتێکی تەمەن 70 ساڵ بەهۆی تووشبوونی بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە نەخۆشخانەی حوسێن لە شاری سەماوە سەنتەری پارێزگای موسەننا ، گیانی لەدەستداوە.

باسی لەوەیش کرد کە بەوەیش تا ئێستا نۆ تووشبووی کۆرۆنا لە موسەننا گیانیان لەدەستداوە.

گوتەبێژی شانەی قەیرانەکان لە پارێزگای موسەننا باشووری عێراق، محەمەد حاجم ئاشکراشی کرد، تەرمی ئەو ئافرەتەی کە گیانی لەدەستداوە لەلایەن دەستەی حەشدی شەعبییەوە دەگوزارێتەوە بۆ ئەوەی لە گۆڕستانی وادی سەلامی نوێ لە شاری نەجەف بەخاک بسپێردرێت.

تا ئێستا لە عێراق، 14 هەزار و 268 کەس تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیە 392یان گیانیان لەدەستداوە.

ئەمەریکا سزاکانی بۆ سەر دوو کۆمپانیای هاتوچۆی دەریایی ئێران جێبەجێ دەکات

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی لە مانگی دوانزەدا سەپاندوویەتی بەسەر دوو کۆمپانیای هاتوچۆی دەریایی ئێراندا.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپیۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە ئەگەر هەر حکوومەتێک یاخود کۆمپانیایەک مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای هاتوچۆی دەریایی ئێرانی ئاریسل و کۆمپانیای سیل دا بکەن، ڕووبەڕووی سزاکانی ئەمەریکا دەبنەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە مانگی دوانزەی ساڵی ڕابردوودا ئەو سزایانەی ڕاگەیاند، بەڵام جێبەجێکردنی سزاکانی بەهۆی هەندێک هۆکارەوە دواخست. مایک پۆمپیۆ گوتیشی: ئەم سزایانە ئاگادارکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی هەر کەسێک بیەوێت مامەڵەی بازرگانی یاخود پشتیوانی لە ئارسیل و سیل بکات، ڕووبەڕووی سزاکانی ئەمەریکا دەبێتەوە و پێدەچێت وەکو یارمەتیدەرێک لە بەرنامە ناوەکی و مووشەکییەکەی ئێران سەیر بکرێت. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کۆمپانیای ئارسیلی تۆمەتبار کردووە بە تۆمەتی گواستنەوەی کەرەستەی بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران و کەرەستەی دیکەی پەیوەست بە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ.

نێجیریا.. لە میانی پێنج هەفتەدا 979 کەس بە نەخۆشییەکی نەزاندراو گیانیان لەدەستداوە

وەزیری تەندروستیی نێجیریا، ئۆساجی ئێهانیرە لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە لە میانی پێنج هەفتەی ڕابردوودا لە ویلایەتی کانۆ، 979 کەس بەهۆی نەخۆشییەکی نەزاندراوەوە گیانیان لەدەستداوە کە ژمارەیەک بەرپرسی باڵا و کارمەندی تەندروستیشیان لەنێودا بووە. ئۆساجی ئێهانیرە ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە دوای ئەوەی لە میانی سێ ڕۆژدا، 150 کەس لە ویلایەتەکە بە نەخۆشییەکی نەزاندراو گیانیان لەدەستداوە، تیمێکی تەندروستییان ڕەوانە ویلایەتەکە کردووە. وەزیری تەندروستیی نێجیریا بانگەشەی ئەوەیشی کرد بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی تیمەکان ئەنجامیانداوە زۆرینەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە تەمەنیان سەروو 65 ساڵ بووە و هۆکاری مردنی سەدا 50 تا 60ی ئەو کەسانە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بووە. بەڵام حکوومەتی خۆجێیی ویلایەتی کانۆ باس لەوە دەکات ئەو نەخۆشییە نەزانداراوانەی کە پێشتر لەو ویلایەتە ڕوویانداوە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ نەبووە، بەڵکو نەخۆشییەکانی وەک فشاری خوێن، شەکرە و مەلاریا بوون. پێشتریش حکوومەتی نێجیریا بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ قەدەغەکردنی هاتوچۆی لەو ویلایەتە ڕاگەیاندبوو. تا ئێستا لە نێجیریا، 12 هەزار و 486 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراون و 354 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.








ئوردوگای زێوە دوای بۆردومانکردنی لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق

35ەمین ساڵیادی بۆردومانکردنی ئۆردوگای زێوە

کارەساتی ئۆردوگای زێوە قوربانییەکی دیکەی پارتی بوو لە پێناوی ئازادیدا



کاروان محەمەد سینو

لە **6/3/1974**خواستی دوژمنانی گەلی کورد و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێز لە تەرازووی بازرگانی بە گەل و مافەرەواکانی خەڵکی کوردستان هاوسەنک و هاوئاراستەبوون، لەم سەروبەندەدا و لە گەلەکۆمەیەکی بێویژدانانە و نامرۆڤانەدا لە پەراوێزی کۆڕبەندی ڕێکخراوی (ئۆپێکی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لەجەزائیر دوژمنان و زلهێز و خۆپەرستان (کە خۆیان بە دۆستی کورد ناساندبوو ڕێککەوتنێکی خیانەتکارانەیان ئیمزا کرد کە بە (ڕێککەوتنی جەزائیر ناوزەد کرا. ڕێککەوتنی ئەوان لەسەر خوێن و مافی گەلی کوردستان بوو، ئەگەرچی عێراق (ڕژێمی بەعس بەشێکی زۆری خاکی سنووری خۆی لە باشووری ڕۆژهەڵات و نیوەی (چەمی عەرەب ژشەتولعەرەبی لەبەرژەوەندیی ئێران لەدەست دا و ڕژێمی عێراق لە فەلەکی ڕوسیا دەرچوو و خزایە نێو باوەشی ئەمریکا کە دواتر هەر ئەمریکا بووە ئەگەری لەناوچوونی ڕژێمی بەعس...

هەموو ئەم پیلان و خۆچەماندن و لەدەستدانی خاکی عێراق، تەنها لەبەر ئەوەبوو کە بە هەموویانەوە دەست بخەنە قورگی شۆڕشی ئەیلوول. شۆڕشی خەڵکی کوردستان، شۆڕشی سەرکەوتن و سەرفەرازی. لە ئەنجامدا توانییان بۆ ماوەیەکی کورت (شەش مانگ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول سنووردار بکەن. لەم شەش مانگەدا سەرکردایەتیی شۆڕش لە خۆڕێکخستنەوەدا بوون بۆ قۆناغی دووەم لە شۆڕشی ئەیلوول کە دواتر بە (شۆڕشی گوڵاننا سرا، لە ئەنجامدا لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی جەنابی مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی هەردوو سەرکردە سەرۆک مەسعود بارزانی و شەهیدی فەرماندە نیدریس بارزانی لە 10ی کانوونی یەکەمی 1975بڕیاری دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتی (القیادة الموقتە بە ئیمزای سەرۆک مەسعود بارزانی ڕاگەیەندرا و لە 3/ 3/1976لە دەڤەری بادینان سەرکردەمەیدانییەکانی شۆڕش فەرمان و ڕێنماییەکانی جەنابی مستەفا بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی و شەهید ئیدریس بارزانییان جێبەجێ کرد و کەوتنەوە ڕێکخستن و دابەشکردنی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە سەرانسەری باشووری کوردستان و ڕێکخستنەوەی جەماوەری دەڤەرەکە. لە شەوی 25/26ی ئایار (گوڵانی 1976 مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی پارتی بە سەرپەرشتی (سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی هێرشێکی جەرگبڕیان کردە سەر بارەگایەکی سوپای عێراق لە (گردی سەڵەوات و زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵییان لە بارەگاکە دا، بەداخەوە لەم هێرشە پارتیزانییەدا (سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی شەهید بوو و دوو لە هەڤاڵانی بریندار بوون، بەم شێوەیە قۆناغی دووەمی شۆڕشی ئەیلوول بە (شۆڕشی 26ی گوڵان ناسرا.

شۆڕشی گوڵان وەکو گڕێک لە ژیلەمۆی شۆڕشی ئەیلوول هەڵسایەوە و نسکۆی بە ڕێککەوتنی جەزائیر هێنا و دوژمنانی خستەوە ترس و دڵەڕاوکێ و ڕۆژدوای ڕۆژ شۆڕشی گوڵان پەرەی دەسەند و خاکی کوردستان ئازاد دەکرا و دوژمن پاشەکشەی دەکرد.

کارەساتی بۆردومانی ئۆردۆگای زێوە

ماڵ و مندااڵنی پێشمەرگەکانی ئەیلوول و گوڵان لە چەندین ئۆردوگای پەنابەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ ببوون وەکو ئۆردوگاکانی (نەلیوانی شنۆ، کانی سپی، دەشتەبێل، نەغەدە، سەردەشت ڕەبەت، بابەک، مەریوان، کرماشان، خۆی، جەهروم... هتد، ئۆردۆگای (زێوە یەکێک بوو لەم ئۆردۆگایانە لە نزیک شاری (ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری ماڵ و منداڵ و کەسوکاری پێشمەرگەکانی پارتی لێی نیشتەجێ ببوون. ڕژێمی بەعس ئەم کۆمەڵگانشینەی کەسوکاری بێ دیفاعی پێشمەرگەی پارتی بە هەل زانی کە کۆمەڵکوژیان بکات. بۆیە لە بەیانی ڕۆژی 9/6/1985 کاتژمێر 9:15 دەقیقە هەشت فڕۆکەی ڕژێمی بەغدا هێرشێکی بێویژدانانەی کردە سەر کۆمەڵگای (زێوە و بە مووشەک و بۆمبی ناپاڵم و بۆمبی هێشووبی و شەست تیر و...هتد ئەم کۆمەڵگا سڤیل نشینەی بۆردومان کرد، لەم بۆردومانەدا 150 کەس شەهید بوون و 373 کەس بریندار بوون کە هەمووبان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بوون. نیازی ڕژێمی بەعسی بەغدا جینۆسایدی تەواوی خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە بوو بەڵکو چۆک بە شۆڕشی گوڵاندا بدات، بەڵام خۆڕاگری و قوربانیدانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لەپێناوی خاک و نیشتمان خەونی دوژمنانی لە گۆڕنا و لە ئەنجامدا شۆڕشی گوڵان لە ڕاپەڕینی مەزنی بەهاری ساڵی 1991سەرکەوت و باشوری کوردستان ڕزگاربوو و بووە خاوەن پەرلەمان و حکوومەت و تەواوی خەڵکی کوردستان بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی ئازاد و سەرفراز بوون.

لەیادی **35**ساڵەی بۆردومانکردنی کۆمەڵگای زێوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مستەفا بارزانی و شەهیدانی کارەساتی بۆردومانی (زێوە و هەموو شەهیدانی پارتی و شۆڕش، سڵاو بۆ بریندارانی و کەسوکاری شەهیدان، ئازادی و سەربەرخۆیی یەکجارەکی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان. لەم بۆنەیەدا وەکو وەفا و یادەوەری، ئێمە ناوی شەهیدان بڵاو دەکەینەوە و سەری ڕێز و نوازشیان بۆ دادەنوێنین، بەهەشت دوا ئارامگەیان بێت، هەر سەرفەراز بێت ڕێبازی بارزانیی نەمر و هەر شەکاوە بێت ئاڵای پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر سەرکەوتوو بێت ڕێبەری تەڤگەڕی کوردایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی.

ناوی شەهیدانی کارەساتی ئۆردوگای زێوە:

1- شفیق فریق احمد ئەرگوش /مزوری.
2- منیجا عبدالله حسین شێخ عمر /شێروان.
3- نرمین حسین سیدۆ فقێ گەردی.
4- خەمی مستەفا عەرەب نقشینی گەرد.
5- نصرالله یونس خدر ظاهر گەردی.
6- دیندار نزمی شکری ئەرگوش/مزوری.
7- زرار صالح شکری ئەرگوش/ مزوری.
8- شورش رسول رستم/ هەولێر.
9- مریوان رسول رستم/ هەولێر.
10- دڵخواز عبدالله قادر صالح ڕۆژبەیانی.
11- غازی حسێن مستەفا کولەکا/ شێروانی.
12- شێروان حسن حسین کولەکا/ شێروانی.
13- عوسمان احمد هوند گرکالی/شێروانی.
14- شریف محمد ڕەزا صالح ڕێزان/ شێروانی.
15- ستی هادی احمد دوسکی .
16- رزگار غازی ابراهیم دوسکی.
17- خۆشەڤی صارم ملامرعان شێروان /شێروانی .
18- نەورۆز لەزگین حاجی شێخ عومەر /گەردی.
19- سیهاد حاجی شێخ عومەر بیرۆخ /گەردی.
20- مهناز زبیر فقی احمد گەردی .
21- سێوێ ڕەزا قادر گەردی.
22- ڕەمەزان ڕەزا قادر گەردی.
23- سهیلا عمر یوسف گەردی.
24- زبیدا عمر یوسف گەردی.
25- مستەفا فەرخۆ شێخۆ هەرکی.
26- حسێن صوفی اسعد هەرکی.
27- جابر شیمد قادر مزوری.
28- لەزگین شیمد قادر مزوری.
29- مریم یاسین محمد مزوری.
30- ابراهیم ملا سلێمان بنیبیا/ شێروانی.
31- محبوب ملا وەسمان بنیبیا/ شێروانی.
32- ڕێبوار عادل حسن /بارزان.
33- هوشیار جادر حالی شێروانی.
34- فەقێ حسن فەقێ محمد مەران- شێروانی.
35- بختیار اسعد احمد مەران- شێروانی.
36- مغدید ملا تەها ظاهیر گەردی.
37- صبریا محمد تاهر رشید بیزنور- نێروەیی.
38- شڤان اسلام زیاب بێرومانی- نێروەیی.
39- لیلا محمد فارس هیتوت.
40- بختیار عەونی رشید سینیا-نێروەیی.
41- تانیا عەونی رشید سینیا- نێروەیی.
42- زلفیه حبیب بکر سینیا- نێروەیی.
43- فاتیمه سلیم حمزه سینیا- نێروەیی.
44- موئەید ئیدریس مستەفا سینیا- نێروەیی.
45- حنا ادریس مستەفا سینیا- نێروەیی.
46- سەربەست احسان باقی نێروەیی.
47- فهیمه حازم توفیق نێروەیی .
48- شاکر علی باپیر کانیەلنجی- شێروانی.
49- نجات خوشوی علی کانیەلنجی- شێروانی .
50- محمود شاهین محمد احمد سندی.
51- پیرۆز محمد فقێ بەردری- شێروانی.
52- خەمێ محمد شێرۆ بەردری- شێروانی.
53- هاجر محمد شێرۆ مامیسک- شێروانی.
54 - بەڕەوان دەسکۆ شاهین مامیسک- شێروانی.
55- کتان احمد شێرۆ بەردری-شێروانی.
56- شلێر احمد شێرۆ بەردری- شێروانی.
57- شکریه فتاح رشید کانیەلنجی- شێروانی.
58- لیلا حاجی ابراهیم قادر مامیسک- شێروانی.
59- عیسی موسی مامیس مامیسک- شێروانی.
60- رعنا محمود علی بێرسیاو- شێروانی.
61- موشیر محمد صدیق طاهر سینیا- نێروەیی.
62- عەگید قادر طاهر بیرومان / نێروەیی.
63- رشید قادر طاهر بیرومان/ نێروەیی.
64- هوری شێخۆ صوفی چم/ شێروانی.
65- وسمان محمد وسمان کانیەلنجی/ شێروانی.
66- عیسی وسمان محمد کانیەلنجی/ شێروانی.
67- موسی وسمان محمد کانیەلنجی/ شێروانی.
68- گوڵێ ملا علی ملا قاسم گەردی.
69- نجات حاجی ابراهیم گەردی.
70- شیرین میرخان نبی شێروانی.
71- نەزمی عبدالرحمن نبی شێروانی.
72- فاخر حسێن علی زرار- شێروانی.
73- علی صالح محمد دوسکی.
74- فیرۆز باپیر احمد دوسکی.
75- وهاب سوار حسین دوسکی.
76- خدر جنید سلێمان دوسکی.
77- سیروان غفور غفور مزوری.
78- خلمت غفور غفور مزوری.
79- سروان غفور غفور مزوری.
80- زین شێخو جندی مزوری.
81- خلیل احمد گێندل مزوری.
82- شەوقی محمد علی سعید مزوری.
83- داریا محمد علی سعید مزوری.
84- فەیزوڵڵا خەموّ پیرۆ هەرکی.
85- ئاسیه خەموّ پیرۆ هەرکی.
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٣٥/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٤٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش مانگ بەندکردن
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/سەروەر علی جعفر
***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتمیانی
ژمارە: ٩٥٠
بەروار: ٢٠٢٠/٥/١٩
بریارا پاکتاوکردنی کۆمپانیا (سنوردار)
پاڵپشت بە ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (شیرزاد میرو) بۆ (بازرگانی گشتی – هاورده و هەنارده/ سنوردار) ل رێکەفتی (٢٠٢٠/٥/١١)ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەرێز (علی عرب حسین) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری. ئەز وەکو رێڤەبەرێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسەندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا یا ژمارە (٢١)ێ سالا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.
و ئەڤ بریارە هاتیە نڤیسین ل رێکەفتی ٢٠٢٠/٥/١٩
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کۆمپانیان/ دهوك

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (شموخ الکرمل) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – ١٠٠ مەتری)
پاکتاوکار/ پاریزەر/ گۆڤار ظاهر حسن
ناونیشان/ هەولێر
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٩٥٥٨٦

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (شەرناخ) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی P.V.C و کرین و فرۆشتنی خانووبەرە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – گەرەك ٥ حەسارۆك)
پاکتاوکار/ غفور محمد عبدالله
ناونیشان/ هەولێر- ٥ حەسارۆك
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧١٢٠٢٨

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Jadem) بۆ پیشەسازی و بازرگانی ئامێری شیلان/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر))
پاکتاوکار/ احمد سعید محمود
ناونیشان/ هەولێر- بەختیاری
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٨٦٣٤٦

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٤٥١
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (بەغداد)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی لقی کۆمپانیای (خیرات المزرعة) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە بەغداد بە کۆنووسی کۆبوونەوە لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٤ تایبەت بەدانانی لقی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەرێز (یوسف عبدالکریم عبدالله) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠٢٠/١/٢٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٥١٩/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠٢٠/٢/٢٦
بۆ/ تاوانبار/ ئارام انور قادر محمد)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە/ ٢٦/ت/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٤١٢ لە یاسای سزادانی عێراقی. حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش سال وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی
***
ئاگەهداری
رێقەبەریا خانووبەرێن میری ل دهوکێ دێ رابیت ب فروتنا هندەك كەلوپەلێن بكارهاتی مستعمل و ژ كار كەفتی ب رێیا سەرئێك زێدەكرنا ئاشكرا و لدیف یاسا ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ و رێنمایێن دارایی ژمارە ٥ ێ سالا ١٩٨٦ ئەڤجا هەركسێ بڤێت دڤێ زێدەكرنا ئاشكرا ئامادەبیت بلا سەرەدانا رێقەبەریا خانووبەرێن میری ل دهوکێ بكەت ل ماوێ ٣٠ رۆژا كو دەست پێ دكەت ل رۆژل پشتی بەلافبوونێ و ل دەمژمێر ١٠ سپێدێ و ب مەرجەكێ بارمتا (تامینات) یاسایی ب رێژا ٢٠٪ ژ كوژمێ خەملاندنێ گەل خو بینیت وە هەمی تێچوویێن فروتنێ بو بكری دكەڤیت.
حسن رمضان میرزا
رێقەبەرێ خانووبەرێن میری/ دهوك
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١٨٩٢
رێکەوت/٢٠٢٠/٦/٧
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٥٩/٣٥٣ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ظاهر انور رشید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی فریاد هادی نبی بەبڕی/ ٣٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
١ - شوێن و ژمارەی/ ٣٥٩/٣٥٣ ك ٤٥ وارش
٢ - رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ لە چوار خانوو خانووی یەکەم یەك نهۆم دوو ژوور حمام و مرافق مطبخ خانووی دووەم لە سێ ژوور مطبخ حمام و مرافق.
٥ - رووبەرەکەی/٣٤٥ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار
٨ - نرخی قرساو/ ٢٠٤,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو چوار ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/١٨٤٢
رێکەوت/٢٠٢٠/٥/١٢
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٦٠/٦١١ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٤ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار حسیب سعید عزیز کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هەژار شاکر یاسین بەبڕی/ ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی
١ - شوێن و ژمارەی/ هەولێر - نەورۆز نزیك مزگەوتی ملا عبدالله
٢ - رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ لە چوار خانوو پێك دێت دوو خانوو وەکو یەکن نهۆم گراج یەك ژوور حمام مرافق و دووەم ٣ ژوور حمام و دوو خانوو تر یەك سێ مطبخ و حمام نهۆمی ٢ ژوور مرافق مدخل و حمام.
٥ - رووبەرەکەی/٣٩٦,٦٦م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار
٨ - نرخی قرساو/ ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا ملیۆن دینار بەشی قەرزار.
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە/ زاخو
ژمارە/ ٦٣٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/١٠
راگەیاندن
بۆ/ جوتیار غیاث کریم میرات
گرێ عفیفە تعبیر اسماعیل
بریارهاتەدان بو ئاگەهدارکرنا تە بەرامبەری ڤێ رێقەبەریێ ل دور فروتنا مولکێ بارمتەکری ژ لایێ میرات گرێ تە یا مری عفیفە تعبیر اسماعیل و ژ بەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە لدیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە ٧٨٥ ل ٢٠٢٠/٣/٩ ل دیف پەسندا هەلبژاری تاخێ ئاشێ چمی کو ئاگەهداریا تە بێتەکرن بریکا دوو رۆژنامێن رۆژانە دا بەرمبەری ڤێ رێقەبەریێ ئامادە ب بی. مولکێ بارمتەکری یێ ژمارە ٢١٨٦/١ کەرتێ ١١ اشکفتەمارا هاتە فروتن بو بکر (عماد شریف محمود) ب ریکا سەر ئێك زێدەکرنا ئاشکەرا بو زانین.
یونس محمد احمد/ رێقەبەر
***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە/ ٢٦/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/٢
بۆ تاوانبار / هاوکار عارف علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێککەوتی ٢٠٢٠/١/٢٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە/ ٢٦/ت/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٤١٢ لە یاسای سزادانی عێراقی. حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش سال وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی
***
ئاگەهداری
رێقەبەریا خانووبەرێن میری ل دهوکێ دێ رابیت ب فروتنا هندەك كەلوپەلێن بكارهاتی مستعمل و ژ كار كەفتی ب رێیا سەرئێك زێدەكرنا ئاشكرا و لدیف یاسا ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ و رێنمایێن دارایی ژمارە ٥ ێ سالا ١٩٨٦ ئەڤجا هەركسێ بڤێت دڤێ زێدەكرنا ئاشكرا ئامادەبیت بلا سەرەدانا رێقەبەریا خانووبەرێن میری ل دهوکێ بكەت ل ماوێ ٣٠ رۆژا كو دەست پێ دكەت ل رۆژل پشتی بەلافبوونێ و ل دەمژمێر ١٠ سپێدێ و ب مەرجەكێ بارمتا (تامینات) یاسایی ب رێژا ٢٠٪ ژ كوژمێ خەملاندنێ گەل خو بینیت وە هەمی تێچوویێن فروتنێ بو بكری دكەڤیت.
حسن رمضان میرزا
رێقەبەرێ خانووبەرێن میری/ دهوك
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١٨٩٢
رێکەوت/٢٠٢٠/٦/٧
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٥٩/٣٥٣ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ظاهر انور رشید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی فریاد هادی نبی بەبڕی/ ٣٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
١ - شوێن و ژمارەی/ ٣٥٩/٣٥٣ ك ٤٥ وارش
٢ - رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو وەکو یەکەم یەك نهۆم دوو ژوور حمام و مرافق مطبخ خانووی دووەم لە سێ ژوور مطبخ حمام و مرافق.
٥ - رووبەرەکەی/٣٤٥ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار
٨ - نرخی قرساو/ ٢٠٤,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو چوار ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/١٨٤٢
رێکەوت/٢٠٢٠/٥/١٢
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٦٠/٦١١ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٤ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار حسیب سعید عزیز کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هەژار شاکر یاسین بەبڕی/ ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی
١ - شوێن و ژمارەی/ هەولێر - نەورۆز نزیك مزگەوتی ملا عبدالله
٢ - رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ لە چوار خانوو پێك دێت دوو خانوو وەکو یەکن نهۆم گراج یەك ژوور حمام مرافق و دووەم ٣ ژوور حمام و دوو خانوو تر یەك سێ مطبخ و حمام نهۆمی ٢ ژوور مرافق مدخل و حمام.
٥ - رووبەرەکەی/٣٩٦,٦٦م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار
٨ - نرخی قرساو/ ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا ملیۆن دینار بەشی قەرزار.
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە/ زاخو
ژمارە/ ٦٣٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/١٠
راگەیاندن
بۆ/ جوتیار غیاث کریم میرات
گرێ عفیفە تعبیر اسماعیل
بریارهاتەدان بو ئاگەهدارکرنا تە بەرامبەری ڤێ رێقەبەریێ ل دور فروتنا مولکێ بارمتەکری ژ لایێ میرات گرێ تە یا مری عفیفە تعبیر اسماعیل و ژ بەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە لدیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە ٧٨٥ ل ٢٠٢٠/٣/٩ ل دیف پەسندا هەلبژاری تاخێ ئاشێ چمی کو ئاگەهداریا تە بێتەکرن بریکا دوو رۆژنامێن رۆژانە دا بەرمبەری ڤێ رێقەبەریێ ئامادە ب بی. مولکێ بارمتەکری یێ ژمارە ٢١٨٦/١ کەرتێ ١١ اشکفتەمارا هاتە فروتن بو بکر (عماد شریف محمود) ب ریکا سەر ئێك زێدەکرنا ئاشکەرا بو زانین.
یونس محمد احمد/ رێقەبەر
***

دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠٢٠/٦/٢٤ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر/ دارا طاهر توفیق
***
دادگەها بەرایی/ زاخو
ژمارە /١٣٠/ب/٢٠٢٠
میژوو/ ٢٠٢٠/٦/٧
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراوان (هجر امین کردی) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو گەرەکا شەعبانیکێ و (مهدی خورشید عبدالله) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو گەرەکا روژین , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارن .
داواکار (دولت محمد تمر) داوا ژمارە (١٣٠/ب/٢٠٢٠) ل سەر وە تومار کریە وتیدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە (١٥٢/١٢ کەرتێ ١٤ عباسیە) دکت و ژبەر کو جهێ ئاکنجیبینا وە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە (١٠٤٨) ل رێکەفتی (٢٠٢٠/٥/١٨) وهەڤپێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ تاخێ شەعبانیکێ و نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن کاریز یا ژمارە (١٦٥٠) ل رێکەفتی (٢٠٢٠/٥/١٨) وهەڤپێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ تاخێ روژین کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وان دتومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکریە ونوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وان نە دیارە ومە چ پێزانین ل دور نینن)) , وژبەر نە دیار بینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٦/٧) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو روژنامە پێن نافخوی وروژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل رۆژا دادبینیێ رێکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢٤ ل دەمژمێر ٩:٠٠ ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشمله ئێتە ئەنجام دان ...
دادوەر /یوسف الیاس سدن
***
دادگەها بەرایی/ زاخو
ژمارە /١٠٣/ب/٢٠٢٠
میژوو/ ٢٠٢٠/٦/٨
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (نجیب داود بطرس) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو گەرەکا صلاح الدین /٢ , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
داواکار (نعمت محو درباس) داوا ژمارە (١٠٣/ب/٢٠٢٠) ل سەر تە تومار کریە وتیدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە (٥/١٥٠٨ کەرتێ ١٤ عباسیە) دکت و ژبەر کو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە (٥٦٤) ل رێکەفتی (٢٠٢٠/٢/١٩) وهەڤپێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ تاخێ صلاح الدین/٢ کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی دتومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکریە ونوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وی نە دیارە ومە چ پێزانین ل دور نینن)) , وژبەر نە دیار بینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٦/٧) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو روژنامە پێن نافخوی وروژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل رۆژا دادبینیێ رێکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢٤ ل دەمژمێر ٩:٠٠ ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشمله ئێتە ئەنجام دان ...
دادوەر /یوسف الیاس سدن
***
دادگەها بەرایی/ زاخو
ژمارە /١٠٣/ب/٢٠٢٠
میژوو/ ٢٠٢٠/٦/٨
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (نجیب داود بطرس) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو گەرەکا صلاح الدین /٢ , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
داواکار (نعمت محو درباس) داوا ژمارە (١٠٣/ب/٢٠٢٠) ل سەر تە تومار کریە وتیدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە (٥/١٥٠٨ کەرتێ ١٤ عباسیە) دکت و ژبەر کو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە (٥٦٤) ل رێکەفتی (٢٠٢٠/٢/١٩) وهەڤپێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ تاخێ صلاح الدین/٢ کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی دتومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکریە ونوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وی نە دیارە ومە چ پێزانین ل دور نینن)) , وژبەر نە دیار بینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٦/٧) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو روژنامە پێن نافخوی وروژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل رۆژا دادبینیێ رێکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢٤ ل دەمژمێر ٩:٠٠ ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشمله ئێتە ئەنجام دان ...
دادوەر /یوسف الیاس سدن
***

پەیوەندیدارەکان
من (معصومە خد اکرم بهاری مقدم) کە بەپێی کۆنوسی کۆبونەوەی دەستەی گشتی (کۆمپانیای کرمانیا بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار) کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٠ بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .
پاکتاوکار
معصومە خد اکرم بهاری مقدم
٠٧٧٠٣٥٠٩٧٠٩
***
دادگەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ١٣١/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتى / ٣/٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : دشتان میرزا شهباز
ل دیف داخوازیا داواکار(بهار سلمان یوسف) وکێشا ژمارە (١٣١/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پێرگیریا تە بو دانا خەرجێ بوریێ بو خو ژتە دکت هەر ژ روژا (٢٠١٣/١/١) تا روژا (٢٠١٩/١٢/١) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (سیالکا) یا ژمارە (٨٩٠) ل (٢٠٢٠/٣/٤) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (سیالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە فەرمی بێن روژانە دا بەرمبەری ڤێ رێقەبەریێ ئامادە ب بی. مولکێ بارمتەکری یێ ژمارە ٢١٨٦/١ کەرتێ ١١ اشکفتەمارا هاتە فروتن بو بکر (عماد شریف محمود) ب رێکا سەر ئێك زێدەکرنا ئاشکەرا بو زانین.
یونس محمد احمد/ رێقەبەر
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٣٢١٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شموخ الکرمل)
بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (شموخ الکرمل) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گوفار ظاهر حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٣٦٤٤/١٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٦/٩
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەمڵێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (١٥) پازدە یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٨٠١ ,١١٧/١٤٣٦ م ٤٥ وارش ٣٥٤/٥ م ٤٥ وارش رووبەر/ ٦٨٩٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل بەهای خەملاندن/ ٢٧,٠٠٠,٠٠٠م٢ ماوەی بەکرێدان/ ٣ سێ ساڵ.
تێبینی: پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنیت
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

موختاری گەرەکی خانزادی نوێ لە ٢٠٢٠/٢/١٩ بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یا بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٧/٨ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆك/ شوان حبیب صالح
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارە/ ٧٧٠/ش/ ٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٦/٨
بۆ داوالێکراو/ محمد صابر شکر
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار شەهین حسون حویز داوای ژمارە ٧٧٠/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کە تیایدا داوای جیابوونەوە دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختارکانی کۆمەڵگای لاوان / هەولێر بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیێندرێت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
ناطق شمس الدین کوخا حسین
***
دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە/ ٢٩٦/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٨
جاردان
بۆ داوالێکراو: محمد رضا زکی احمد عرابی
نیشتەجێبوون : نادیار
داواکار/ أنور احمد عبدالرحمن داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٢٩٦/ش/٢٠١٩ تێیدا داوای تفریق دەکات. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەربەستی لەبەر ئەوە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لە رۆژی دادبینی رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٢ کاتژمێر ١٠ی بەیانی ئەگەرنا دادبینی دەرهەقت بە پاشمله ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە/ ٥٣٨/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/٣
بۆ تاوانبار / بریار فریق احمد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێککەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە/ ٥٣٨/ت/٢٠١٩ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٢١ چەك یاسای. حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش سال بەپێی مادەی بیست و یەکەم /١/أ لە یاسای چەکی ژمارە ١٦ سالی ١٩٩٣ دەرچووە وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ احمد حجی داهر
***
دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە/ ٢٩٦/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٨
جاردان
بۆ داوالێکراو: محمد رضا زکی احمد عرابی
نیشتەجێبوون : نادیار
داواکار/ أنور احمد عبدالرحمن داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٢٩٦/ش/٢٠١٩ تێیدا داوای تفریق دەکات. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەربەستی لەبەر ئەوە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لە رۆژی دادبینی رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٢ کاتژمێر ١٠ی بەیانی ئەگەرنا دادبینی دەرهەقت بە پاشمله ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە/ ٥٣٨/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/٣
بۆ تاوانبار / بریار فریق احمد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێککەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە/ ٥٣٨/ت/٢٠١٩ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٢١ چەك یاسای. حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش سال بەپێی مادەی بیست و یەکەم /١/أ لە یاسای چەکی ژمارە ١٦ سالی ١٩٩٣ دەرچووە وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ احمد حجی داهر
***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٤
ژمارە/ ٥٣٩/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/٣
بۆ تاوانبار / بریار فریق احمد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێککەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە/ ٥٣٩/ت/٢٠١٩ و بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٢١ چەك یاسای. حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش سال بەپێی مادەی بیست و یەکەم /١/أ لە یاسای چەکی ژمارە ١٦ سالی ١٩٩٣ دەرچووە وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ احمد حجی داهر
***


فۆتۆ/ ئەردەلان ئاژگەیی

پەتای کۆرۆنا..

پێویستە هاوواڵاتیان پابەندی ڕێنماییەکانی تایبەت بە خۆپاراستن بن



هێمن قادر: دەبێ هاوواڵاتیان پابەندی ڕێنماییەکان بن و ماسک و دەستکێش بەکار بێنن



دکتۆر ئەحمەد پاڵانی: هیچ هاوواڵاتیەک بە بێ پشکنین لە بازگەکان نایەتە نێو شاری هەولێر



زانا مەلا خالید: هەندێک بەرپرس ویستیان کۆرۆنا بە سیاسی بکەن و سوود لەو بارودۆخە نەخوازراوە ببین

خەبات:تریفە ئازاد

کورۆنا ، ئەو پەتایەی چەند مانگێکە سەرجەم وڵاتانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و زیانێکی لە ڕادەبەدەری بە ئابووری جیهان گەیاندووە ، جگە لەوەش ڕۆژانە لە سەرتاسەری جیهاندا سەدان و هەزاران کەس تووشی ئەو ڤایرۆسە دەبن و گیان لەدەست دەدەن. هەرێمی کوردستانیش بەدەر نەبووە لەو زەردەر و زیانانە ، ئەگەرچی لە سەرەتا قەبارەی ئەو زیانانە تا ڕادەیەک سنووردار بوو بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆکار دواتر ئاستی تووشبوون و ژمارەی قوربانیان ڕووی لە زیادبوون کرد.

پابەندیی هاوواڵتیان هێمن قادر، جێگری پارێزگاری هەولێر و ئەندامی ژووری ئۆپراسیۆنی پارێزگای هەولێر و وتەبێژی ژووری ئۆپراسیۆنی پارێزگای هەولێر سەبارەت بە ڕووبەڕووبونەوەی کۆرونا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

پابەند بوونی هاوواڵتیان ڕێژەیی ، لە هەندێک شوێن باشە و لە هەندێک شوێن تەواو پابەند نین، ئێمە وەکو پارێزگای هەولێر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڵمەتێکمان ڕاگەیاند بۆ ئەوەی هاوواڵتیان ماسک و دەست کێش بەکار بێنن ، هەڵساین بە دابەشکردنی 150هەزار ماسک لە ناو شاری هەولێر و دەروبەری و قەزا و ناحیەکان بە خۆڕایی، وە 150هەزار ماسکی تریش لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ دابین کراوە بۆ هێزە ئەمنییەکان .ئەم دابەشکردنەش هاندانێکی هاوواڵتیان بوو بۆ ئەوەی پابەند بن بە ڕێنماییەکان وە لێرەنەکانیشمان لە گشت قەزا و ناحیەکان هەڵساون بە کاری خۆیان ،هاوواڵتیان لە گشت شوێنە گشتیەکان ئاگادار بکەنەوە کە بۆ خۆپارێزی ماسک و دەستکێش بەکار بێنن .لە ڕۆژی هەینیش بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی هاوواڵتیان بە ماسک و بەرماڵی خۆیان دەبێت بچنە نوێژ و نوێژ خوێنیش هاوواڵتیان لە مەترسی ڤایرۆسەکە و پابەندبوون بە ڕێنماییەکان ئاگادار بکەنەوە.ئەم هەڵمەتی ئاگادارکردنەوەیە بەردەوام دەبێت و ئەو شوێنانەی سەرپێچی بکەن سزا دەدرێن. لە ڕۆژی شەممە (284)شوێن داخراون بە هۆی پابەند نەبوونیان لە سنووری پارێزگای هەولێر و ڕۆژی یەک شەممەش (151)ڕێستۆرانت و ئارایشگا و سەرتاشخانە و مینی مارکێت و شوێنی فرۆشتی مۆبایل داخراون، لەبەر ئەوەی تا ئێستا چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشیە نەدۆزراوەتەوە تاکە چارەسەر تەنها ئەوەیە کە هاوواڵتیان خۆیان بپارێزن و پابەندی ڕێنماییەکان بن ، پێویستە هاوواڵتیان ئەگەر کاری گرینگیان نەبێت دەرنەچن لە ماڵەوە چونکە وەک ڕامانگەیاند لە دوای جەژن هەڵکشانی دووەمی زیاد بوونی تووشبوانی هاوواڵتیان بە ڤایرۆسی کۆرونا ڕوو لە زیاد بوون دایە و مەترسیدارە .لەم قۆناغەدا گەیشتووین بەم بڕوایەی کە دەبێت لەگەڵ کۆرونا بژین ، بەڵام چۆن بتوانین لەگەڵی بژین ،ژیانیش لەگەڵ کۆرونا ئەوەیە کە نابێت تۆ ژیان ڕابگریت بەڵام بە خۆپارێزی و پابەند بوون ،ئێستا ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 100کەس تووشی ڤایرۆسەکە دەبن و ئاستی تووشبوونیش لە شاری سلێمانی زۆر بووە ،ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی کە لێشاوی دووەمی کۆرونا زیاترە و مەترسیدارترە. لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی پۆلیسی هاتوچۆوە شوفێران ئاگادار دەکرێنەوە .داواش لە هاوواڵتیان دەکەین کە خۆیان بپارێزن و پابەندی ڕێنماییەکان بن با وەک حکوومەت ناچار نەبین پەنا ببەینە بەر ئەوەی کە جارێکی تر قەدەغەی هاتوچۆ ڕابگەیەنین و جارێکی تر ژیان بوەستێتەوە ،پێویستە هاوواڵتیان ماسک وەک جل و بەرگ چۆن پێویستە و دەبێت بیپۆشن ،ماسکیش ئاوا پێویستە دەبێت بیپۆشن لە هەمان کاتیشدا پاک و خاوێنی ڕابگرن و لە هەرکاتێکیش زانیان باری تەندروستیان باش نیە پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەن یان پەیوەندی بە ژمارە 122وە بکەن بۆ ئەنجامدانی پشکنین.

ئەوانەی دەیانگوت کۆرۆنا بوونی نیە ،ئەوان بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە

زانا مەلا خالید، ئەندامی لێژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بەشێکی بۆ ئەو تێکەڵاوبوونە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی مانگی ڕەمەزان خەڵک لە بازاڕەکان تێکەڵ بەیەکتری بوون، بەشێکی تری ئەو کەس و لایەنانە هۆکارن کە بوونە هۆی ئەوەی هاوواڵتی متمانەی بە بوونی ڤایرۆسەکە نەمێنێت ،ئەو کەسانەی لە ڕابردوودا دەیانگوت کۆرۆنا نیە بۆ ئەوە بوو کە خەڵک زیاتر تووشی ئەو نەخۆشییە ببێت و پێیان وابوو بەمە دەتوانن وا لە خەڵک بکەن متمانەیان بەو حکوومەتە نەمێنێت ،ئەو کەسانەی کە بوونە هۆکار بۆ ڕەواندنەوەی ترسی هەبوونی کۆرۆنا دەبێت بە یاسای تەندروستی گشتی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و بدرێنە دادگا. هەندێک بەرپرسی نابەرپرس ویستیان کۆرۆنا بە سیاسی بکەن و سوود لەو بارودۆخە نەخوازراوە ببین کە بەداخەوە هەڵسوکەوت و لێدوانی ئەو کەسانە وای کرد بگەین بەو ڕۆژە ،ئێستاش حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا تەندروستییەکان بەردەوام دەبن لە هەردوو قۆناغی خۆپارێزی و چارەسەری و ئەرکی بەرپرسیاری تەندروستی هاوواڵتیان لەئەستۆ دەگرن.پێویستە هاوواڵتیانش پابەندی ئەو ڕێنماییانە بن کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ خۆپارێزی ئەوان دەردەکرێت و بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر ئەم نەخۆشیە گەورەیەدا زاڵ بین چونکە ئەمە قایرۆسێکە هەموو جیهانی گرتۆتەوە نەک تەنها هەرێمی کوردستان ، تیمەکانیش و حکوومەتی هەرێمیش ئەوەی لە توانایاندا بێت بۆ هاوواڵتیانی خۆی ئەنجامیان داوە بەڵام هاوکاری کردنی هاوواڵتیانیش ئەرکێکی پیرۆزە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم ڤایرۆسە.

ئەرکی هاوواڵتیان هەر سەبارەت بەو پرسە، دکتۆر ئەحمەد پاڵانی، بەڕێوبەری تەندروستی دهشتی هەولێر بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا هەموو جیهانی گرتۆتەوە کوردستانیش بێ بەش نەبوو، شەپۆلی یەکەم کوردستانی گرتەوە تا ڕادەیەکی زۆر باش توانیمان لێی دەرباز بین بەڵام لەگەڵ ئەوەی شەپۆلی دووەم دەستی پێکردەوە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە بارەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە دۆخەکە بەداخەوە زۆر مەترسیدارە.لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ڕێکارەکانی خۆپارێزیان بە هاوواڵتیان ئاشنا کرد ، بەڵام لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی ژیان ،شوێنە گشتیەکان کرانەوە و دەوام بۆ ماوەیەک دەستی پێکردەوە ،هاوواڵتیانیش تا ڕادەیەک پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەرکەوتن ڕووبدات و خەڵک تێکەڵ بوون وحاڵەتەکان تەشەنەیان کرد ،ئەوەی لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو گشت ئەو ڕێنماییانەی پێویست بوو جێ بەجێ کرد ئەوەی ئێستا هەیە ئەرکەکە لەسەر هاوواڵتیانە دەبێت هاوواڵتی خۆپارێزی بکەن بە بەکار هێنانی ماسک و دەستکێش لە کاتی چوونە دەرەوەیان و چوونە سەر کارەکانیان.وە ئەو هاوواڵتیانەی کە لە ناوچەکانی تریش دێنە نێو هەرێمی کوردستان پێویستە پابەند بن . ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهشتی هەولێر کە هەردوو بازگەی شێراوە و دێگەڵە دەکەونە سنوری ئێمە ، لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهشتی هەولێر تیمێکمان دروست کردووە کە ڕۆژانە بیست و چوار کاتژمێر لە ئەرک دان پشکنین بۆ ئەو هاوواڵتیانە دەکەن کە ڕێگە پێدراویان هەیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نێو شاری هەولێر لە هەردوو بازگەکە ڕۆژانە سامپڵ لەو کەسانە وەردەگیرێت و دواتر ڕەوانەی پشکنین دەکرێت لە تاقیگەی گشتی هەولێر دوای بیست و چوار کاتژمێر ئەنجامەکەی دەردەچێت دواتر لە لایەن وەزارەتی تەندروستی ڕادەگەیەنرێت ئەگەر هاتوو پۆزەتیڤ بوون،هەندێک جاریش ئەو هاوواڵتیانەی دێنە نێو شاری هەولێر لە ڕێگەی هەردوو بازگەکە چەندین جار پشکنینەکەیان پۆزەتیڤ دەرچووە ،هیچ کەسێک لە هەردوو بازگەی شێراوە و بازگەی دێگەڵە بە بێ پشکنین ڕێگەی پێنادەین بێتە نێو شاری هەولێر چونکە وەک دەزانین بڵاوبونەوەی ئەم ڤایرۆسە و ژمارەی تووش بووان لە شاری سلێمانی و کەرکوک و پارێزگانی عێراق و خواری عێراق بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و ڕۆژانەش لە زیاد بوونە.

مانشێت



ئیندیپێندنت:
دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازانی وڵاتەکەی دا لە ئەڵمانیا.



ئوبزێرڤەر:
فڕۆکەیەکی بارهەڵگری سەر بە سوپای ئەمەریکا لە کاتی نیشتنەوەی لە فڕۆکەخانەی تاجی تێکشکا.



سکای نیوز:
کۆریای باکوور بڕیاری دا هەموو پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازیەکانی لەگەڵ کۆریای باشوور بپچڕینی .



ئەی ئێف پی:
جۆ بایدنی بەرێزێری دیموکراتەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا نارەزایی پیشاندا بەرامبەر بە کەمکردنەوەی بودجەی تەرخانکراو بۆ پۆلیس .



رۆیتەرز:
وەزارەتی بەرگریی تایوان رایگەیاند چەند فڕۆکەیەکی چینی ئاگادارکردۆتەوە کە بۆ ماوەیەک ئاسمانی ئەو وڵاتەیان بەزاندووە.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی فەرەنسا رایگەیاند کە ڕێگە بە فراوانبوونی ئاستی ئەو خۆپیشاندانانە نادات کە ئێستا لەو وڵاتە ئەنجام دەدرێن.

کردنەوەی شوێن و بنکەکانی گەشتیاری، هەناسەیەکی بەبەر کەرتەکە هێنایەوە



نادر روستی

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا زیاتر لە 3مانگ بوو شوێنەکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بە داخراوی مابوونەوە، کە بووە هۆی زیانێکی گەورە بۆ شوێن و بنکەکانی گەشتیاری، تەنانەت هەندێک بنکە بە یەکجاری هەرەسیان هێنا و داخران، هەندێکیشیان تاکو ئێستا نەکەوتوونەتەوە سەرپێ و نەکراونەتەوە، سەردەرای زیان پێکەوتنی بنکەکە و شوێنەکانی گەشتیاری، بەهۆی نەمانی گەشتیار زیانی زۆر بە بازاڕەکان و بە حکومەتی هەرێمیش کەوت، بەڵام لەم بارودۆخەدا ناکرێ بەرژەوەندی خاوەنی شوێنەکانی گەشتیاری و زیانی هەزاران هاوڵاتیش کە لە کەرتی گەشتوگوزار کار دەکەن بوەستێنرێت، هەمومان دەزانین کۆرۆنا هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ژیان و ئابووری وڵات، بەڵام پێویستە ئەو راستیەش بزانین، کە ئیفلیج بوونی کەرتی گەشتیاریش هەڕەشەیە بۆسەر بەشێکی گرنگی ئابووری هاوڵاتیان و حکومەتیش، واتە ئە گەر هەردوو مەترسیەکە بەردەوام بن ژیان سەختر و پڕ کێشە تر و وێرانتر دەبێت، بۆ پارسەن گ را گرتنی هەردوو مەترسی و کەمکردنەوەی زیانە ئابووریەکان و لەبەرچاو گرتنی زیانی هاوڵاتیان لە رووی بژێوی ژیان، بڕیاردرا شوێنەکانی گەشتیاری لە قۆناغی سەرەتای و دەست پێک بەرووی هاوڵاتیانی سنووری هەمان پارێزگا بکرێنەوە.

بڕیاری کردنەوەی بنەکە و شوێنەکانی گەشتیاری لە لایەن ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر و پارێزگای سلێمانی لە گەڵ ڕێکاری خۆپارێزی و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و دەستەی گشتی گەشتوگوزار، بۆ هاوڵاتیانی سنووری پارێزگاکە، لە چەند لایەکەوە سوودبەخش بوو:

-هەناسەیەکی دەروونی بەخشییە هاوڵاتیان، کە ماوەیەکە لە ژووردەون و توانای دەرچوونیان بۆ ناو سروشت و شوێنەکانی گەشتیاری نەبوو، بۆیە ژمارەیەک لە هاوڵاتیان ڕوو لە ناو سرووشت دەکەن و نیگەرانیەکانیان فەرامۆش دەکەن و فشار لەسەر حکومەت کەم دەکەنەوە بە تایبەت لە سۆشیال میدیا.

- ئەو هاوڵاتیانەی پێشتر گەشتیان بۆ وڵاتانی دەرەوە دەکرد، ئێستا ئەو دەرفەتەیان نەماوە، بۆیە گەشت بۆ شوێنەکانی گەشتیاری هەرێم دەکەن، ئاشنا دەبنەوە بۆ سروشتی وڵات و پارەکانیان نابەن لە وڵاتانی دیکە خەرج بکەن.

- لە ڕووی ئابووری و داهاتەوە، سەرەتایەکی دڵخۆشکەرە بۆ جوڵانەوەی بازاڕی هەندێک لە شوێن و بنکەی گەشتیاری.

- سەرەتای بووژانەوە و وەگەڕ کەوتنەوەی کەرتی گەشتیاریە کە ماوەی زیاتر لە 3 مانگە وەستاوە.

بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکان 40 بنکەی گەشتیاری داخران



لەژێر ڕۆشنای بڕیارەکانی ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر، لە شاری هەولێر و لە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگا، بنکە و شوێنەکانی گەشتیاری بڕیاری کردنەوەیان درا.

لەژێر سەرپەرشتی پارێزگاری هەولێر دکتۆر فەرسەت سۆفی لە ڕۆژی یەکەمی کردنەوەی بنکەکان، هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ گەیاندنی ڕێنماییەکان و ڕێکارەکانی خۆپارێزی و دابەشکردنی دەستکێش و دەمامک بەسەر بنکەکان بەڕێوەچوو. بۆ ئەم هەڵمەتە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەولێر 7لێژنە بۆ ناوشاری هەولێر پێکهات، هەر بەڕێوەبەرایەتیەکیش لە شارۆچکەکان لێژنەی تایبەتی پێکهێنا. لە ماوەی 3ڕۆژدا زیاتر لە 700بنکە لە ناوشاری هەولێر و 150بنکە و شوێن لە دەروەی شار بەسەرکرایەوە، لە هەڵمەتەکەدا دەستکێش و دەمامک و ڕێنمایی خۆپاریزی و تەندروستی بەسەر بنکەکان دابەشکران. ڕۆژانی دواتر لێژنەکان لە کارکردن و بە دواداچوون بەردەوام بوون و بۆ داهاتووش بەردەوام دەبن، لە ئەنجامی چاودێری و بەدواداچوون 40بنکە بە ڕێنمایەکانی خۆپارێزی پابەند نەبوون، بۆیە بەداخستنی شوێنەکانیان سزا دران، تاکو تەواو پابەند نەبن شوێنەکانیان ناکرینەوە، بەڵام جێگای دڵخۆشییە کە زۆربەی شوێنەکانی تر پابەندن و ڕینماییەکان جێبەجێ دەکەن.

یەکەمین پڕۆژەی گەشتیاریی مۆتۆرسواری لە بناری چیای سەفین کرایەوە



پڕۆژەی ATBT SA-FARI KURDI-STAN یەکەمین پڕۆژەی گەشتیاریە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان، دوێنێ سێ شەمە 2020/6/9لە ژێر ڕێنمایی خۆپارێزی لە گوندی سپی گرەی قەزای شەقڵاوە، بەرووی گەشتیاران کرایەوە، بەرنامەی پڕۆژەکە بریتیە لە لێخورینی مۆتۆرسواری بە شێوەی گرووپ، هەر گرووپێک لە 7 تا 10شوفێر پێک دێت.

لە بنکەی پڕۆژەکەوە تا 7بۆ 8 کیلۆمەتر لە ماوەی 90خولەکدا ماتۆرسکیل لێدەخورێن، بەناو دیمەنە پڕ سەرنج ڕاکێشەکانی بناری چیای سەفین گەشت دەکەن.

پڕۆژەکە و چالاکییەکانی لە هەموو وەرزێکدا کراوە دەبێت، هەر وەرزێکیش جۆرە لێخورینێکی چێژ بەخشی جیاوازی تێدایە.

ئا/ شێرزاد ڕەسوڵ

هۆکار چییە زۆرترین زیان بە کەرتی گەشتیاری کەوتووە؟



لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زیانێکی زۆر بەر ئابووری جیهان کەوت، بەشی زۆری کەرتەکان زیانی زۆریان پێ کەوت، بەڵام قەبارەی زیانەکانی کەرتی گەشتیار زۆر زیاترە لەسەرجەم کەرتەکان، ڕەنگە زیانەکانی هێنده گەورە و زۆربن کە کەرتی گەشتیاری لە لایەک و سەرجەم کەرتەکانی دیکەش لە لایەک بن.

هۆکار چییە زۆرترین زیان بە کەرتی گەشتیاری کەوتووە؟

لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ بە ڕێژەی جیاواز لە کارکەوتن یاخود بەرهەمەکانیان کەمبوونەوە، بەڵام هیچیان سەد لەسەد ڕانەوەستان و ئیفلیج نەبوون، لەگەڵ کەمبوونەوەی مەترسی کۆرۆناش بە شێنەی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشووتریان و ئاسایبوونەوە. بەڵام سەبارەت بە کەرتی گەشتیاری بابەتەکە زۆر جیاواز بوو، یەکەم بڕیار بۆ خۆپارێزی و بڵاونەبوونەوەی پەتاکە دەرچوو، ڕاگرتنی گەشت و هاتوچۆ و تێکەڵاو نەبوون بوو، هەروەها داخستنی شوێنەکانی گەشتیاری لە پێشینەی شوێنەکان بوو، بە تایبەت کافێ و هۆڵەکان و ڕیستۆرانتەکان، دوا شوێنیش کە بڕیاری کرانەوە و ئاسای بوونەوەی بۆ دەردەکرێ، دەستپێکردنەوەی گەشتەکان و ڕێگەدانە بە گەشتیاران کە سەردانی شوێنەکانی گەشتیاری بکەن، کەواتە دوا شوێنیش کە دەکرێتەوە و ئاسایی دەبێتەوە، شوێنەکانی گەشتیارین، واتە زۆرترین ماوەی مانەوە بە داخراوی، شوێنەکانی گەشتیاری دەگرێتەوە. ئەمەش وا دەکات قەبارەی زیانەکانی کەرتی گەشتیاری دووبەرامبەری زیانی شوێنەکانی تر بێت. ئەم خوێندنەوە بۆ سەرجەم جیهان دروستە و هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە لە ڕووی زیان پێکەوتنەوە زۆرترین زیان بەر کەرتی گەشتیاری کەوتووە.

کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر تۆپی پێی ئەورووپا



هاوار مورتکەیی

لە ئیسپانیا کە سەرەی پێنج شەممە رکابەرییەکانی لالیگا دەستپێدەکاتەوە، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئەو وڵاتە ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە باس لەگەڕاندنەوەی جەماوەر دەکریت بۆ ناو یاریگا بەڵام بەرێژەیی و بۆ ئەمەش پێشنیارێک لە ئارادایە کە لە مانگی داهاتوودا دەکرێت 30%ی پەیژەکانی یاریگا جەماوەر ئامادەبێت و دەکریت دواتر ئەو رێژەیە بەرزبکرێتەوە.

لە ئیتاڵیاش ژمارەیەک سیناریۆ پێشنیار کراوە لەدووبارە دیستپێکردنەوەی خولی ئیتاڵیا، یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا ئەو سیناریۆیانەی بڵاوکردۆتەوە لە کاتی دەستپێکردنەوەی خولی وڵاتەکەیان مەرجەکان پەیڕەوبکرێت بەتایبەتیش لە ئامادەبوونی جەماوەر و هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن لە گواستنەوەی یاریەکاندا، ئەمەش دواجار ئەنجوومەنی ئەو یەکێتییەی ئیتاڵیا بڕیار لەسەر سیناریۆیەک دەدات.

لەلایەکی دیکەوە تۆڕی سکای روونی کردەوە کە هەینی داهاتوو ئەو یاریگایە دیاری دەکریت بۆ رووبەڕووبوونەوەکەی لیڤەرپوول و ئیڤەرتۆن، چونکە ترس هەیە لە ئامادەبوونی جەماوەر لەو یاریەدا، بۆیە پێشنیار کراوە لەیاریگایەکی بێلایەندا بەڕێوەببچێت، هەروەها رێگا نەدرێت جەماوەر ئامادەبێت.

جێی باسە یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی رایگەیاندبوو کە 20ی ئەم مانگە رکابەرییەکانی چامپیۆنشیپ دەستپێدەکاتەوە، ئەویش بەبەڕێوەچوونی یارییەکانی گەڕی 38ی ئەم خولە.

لە ئیتاڵیاش راپۆرتە هەواڵەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە ژمارەیەک یانەی ئەو وڵاتە داوایانکردووە کە لەئەگەری وەستاندنی خولی ئیتاڵیا، دابەزینی یانەکان رەتبکرێتەوە و نازناوەکە بەهیچ یانەیەک نەدرێت، تەنها ئەو یانانە دەستنیشان بکریت کە بۆ خولەکانی ئەورووپا سەردەکەون.

لاوتارۆ داوا دەکات بیگوزانەوە بەرشلۆنە

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە لاوتارۆ مارتینیزی یاریزانی یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی داوای کردووە بچێتە ریزەکانی یانەی بەرشلۆنە، ئەویش بەپێی ئەو پڕۆگرامەی (شیرینجیتۆ)ئیسپانی، ئەو یاریزانە داوای لە یانەکەی کردووە رازی بێت لە کۆتایی ئەم وەرزەدا رووبکاتە یانەی بەرشلۆنە.

راپۆرتەکان ئەوەشیان رووندکردۆتەوە کە مارتینیز بۆ کۆنتی راهێنەرەکەی دانی بەوەداناوە دەیەوێت بچێتە یانەی بەرشلۆنە، بەڵام تا ئەوکاتەی لە ئینتەرە ئەوا بەهەموو توانایەکی دەجەنگێت.

جێی باسە ماوەیەکە بەرسلۆنە و ئینتەر لە گفتوگۆدان سەبارەت بە گواستنەوەی ئەو یاریزانە بۆ کامپ نو، بەڵام یانە ئیتاڵیەکە بەشێک لە مەرجەکەی دیاری کردووە بەرامبەر دەستبەردان لەو یاریزانە کە 111ملیۆن یورۆیە.

لەسەردەمی کەرەنتینەشدا ئەستێرەکان قازانجیان کردووە



ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید 19زیانی گیانی و دارایی بە تەواوی وڵاتانی جیهانی و کۆمپانیا و کەسایەتییەکان گەیاند، بەڵام بۆ یاریزانانە بەناوبانگەکانی تۆپی پێی جیهانی، زیانەکان بەوشیوەیە نەبوو، یاریزانە ناوداراکان لەماوەی کەرەنتینەدا داهاتێکی باشیان دەسکەوت ئەویش لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەو یاریزانانە لەماوەی 12ی ئادار تا 12ی ئایار لە ریگای بڵاوکردنەوەوکاندا لە ئیسنتاگرام ملۆنەها دۆلاریان دەسکەوتووە، چونکە هەریەک لەم یاریزانانە ملیۆنەها هەواداریان لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا هەیە.

بەپێی هەواڵێکی دیلی میلی بەریتانی ، کریستیانۆ رۆنالدۆ لەسەرووی ئەو یاریزانانەوە دێت کە زۆرترین داهاتی تەنها لەو ماوەیەدا هەبووە، دوای ئەویش مێسی و ئینجا نایمار دێت.

یاریزانەکان لەو ماوەیەدا بەمشێوەیە قازانجێکی زۆریان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە:

1- رۆنالدۆ دوو ملیۆن و 371هەزار دۆلار

2- مێسی ملیۆنێک و 700هەزار دۆلار

3- نایمار 1.5 ملیۆن دۆلار.

سان جێرمان

چیتر سیلڤای ناوێ

رۆژنامەی لیکیپ روونی کردەوە کە تیاگۆ سیلڤای ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی پاریس سان جێرمانی پاڵەوانی خولی فەرەنسی لەم هاوینەدا یانەکەی جیدەهێڵێت.

رۆژنامەکە ئەوەی ئاشکراکردووە کە بەڕێوەبەری وەرزشی سان جێرمان ئەو یاریزانەی ئاگادارکردۆتەوە کە یانەکە ئامادەنییە گرێبەستەکەی تازە بکاتەوە کە بڕیارە لە 30ی ئەم مانگەدا کۆتایی بێت.

ئەم بڕیارەی یانە فەرەنسیەکە بۆ سیلڤا هیوابراوە کە لە ساڵی 2012ەوە لەو یانەیەدا یاری دەکات، بەتایبەتیش کە پێشتر ئەو یاریزانە و هاوڕێنەکەی رایانگەیاندبوو کە زۆر حەزدەکەن بۆماوەیەکی زیاتر لە فەرەنسا بمێننەوە، چونکە ئەوان ئەو یانەیەیان زۆر خۆش دەوێت و مندالەکانیان لەو وڵاتەدا پێگەیشتوون.



فرید بەپایسکلەکەی دەیەوێت هاوکاری 4 هەزار خێزان بکات

فرید هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی عێراق رایگەیاند کە یانەی کرۆزیرۆ جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە فلۆمینزی یانەکەی پێشووی.

ئەو یاریزانە بەرازیلیە جەماوەرەکەی تووشی شۆک کرد کاتێک رایگەیاند ئەو ماوەی 600کیلۆمەتر بە پایسکل دەبڕێت بۆ ئەوەی بچێتە یانە تازەکەوە.

فریدی تەمەن 36ساڵ بۆ ماوەی دوو وەرز لەگەڵ یانەی فلۆمینزی رێککەوتووە یاریان بۆ بکات، سەرەتاش بەلێخوڕینی پایسکل دەیەوێ کارێکی خێرحوازی بۆ یانەکەی ئەنجام بدات کە بڕیارە لە شاری بیلۆ هۆریزۆنتی بەروە ریزدی جانیرۆ بکەوێتە رێ، فرید دەڵێت لەم کارەمدا دەمەوێ خۆراکی پیویست بۆ چوار هەزار ماڵە هەژار دەستەبەر بکەم.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.10. Jun. 2020 No: (5950)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



هەولێر.. لەرۆژانی خۆپارێزی لەڤایرۆسی کۆرۆنا فۆتۆ: ئەردەلان ئازگەیی

کچە شێوەکارێک خەونی ئەوەیە کوردستان لە بواری شێوەکاریدا لە ئاست وڵاتانی جیهاندا بێت

شێوەکار مریەم بایرا بۆ (خەبات): لە کوردستان وەکو پێویست پەرە بە بواری هونەر نادرێت

دیمانە: وریشە عومەر

شێوەکار مریەم بایرا معلی شێرزاد، لەدایکبووی 24-12-1986وڵاتی ئێران شاری تاران ،دەرچووی پەیمانگای هونەری، لە ساڵی 2013 دەستی بە کاری وێنەکێشان کردووە، ئەم خانمە ماوەی چەند ساڵێکە لەکوردستان لەشاری هەولێر ژیان بە سەردەبات لە ڕۆژانی رابردوو پێشەنگای (سەمای ڕەنگەکان) ی کردەوە لەدوای پێشانگاکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازکردو ئەویش بەسوپاسەوە بەم جۆرە بۆمان دوا :

چ شتێک ئاوێتەی ڕەنگ دەکەیت بۆ ڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟

ئەگەر سەیری کارەکانم بکەیت یاخود تابلۆکانم دەبینیت بە گشتی جۆراوجۆرن واتا تێکەڵاوە، هەیانە ئایینییە یاخود فەیسە یا تەعبیریە هتد .. ئەو ڕێبازەی کە من کاری لەسەر دەکەم پێی دەڵێن: ئەکریلیک وەکو سیمێک دەردەکەوێت و ئەمە تێکەڵی ڕەنگەکان دەکەم بە گشتی هەموو ڕەنگێک بە کاردێنم.

ئەو تابلۆیانەی شانازی پێوە دەکەیت چین و بۆ کێشاون؟

زیاتر ئەو کارانەی من دەیکەم حەزی خۆمە مەرج نییە بۆ کەسێک یان بە مەبەستێک بیکەم ،بەڵام زیاتر گرنگی بەو تابلۆیانە دەدەم کە گوزارشت لە ژیانی ئافرەتان دەکات بە گشتی.

تا ئێستا خاوەنی چەند پێشانگایت و لەچەند پێشانگا بەشداریت کردووە چەند تابلۆت هەیە؟

زیاتر لە ٤٥ تابلۆم تا ئێستا دروستکردووە ، چونکە کاری دەست کاتی زۆری دەوێت و من دەمەوێت شتێک بکەم جیاواز بێت کێشە نییە چەند ماندووبووم تەنها ئەوە لای من گرنگە کە بە شتێکی جیاواز نیشانبدەم و تا ئێستا یەک پێشانگام کردۆتەوە لە شاری هەولێر بە هەماهەنگی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان/ لقی هەولێر بە ناوی پێشانگای (سەمای ڕەنگەکان)

بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟

وەکو گوتم لە کوردستان بەو شێوە نییە و گرنگییەکی ئەوتۆ بە بواری شێوەکاری نادرێت و خەڵکەکەش کەمتر خولیای ئەم کارەن بە ڕای من بە گشتی لە کوردستان هونەر لەو ئاستەدا نییە کە گرنگیەکی ئەوتۆی پێبدرێت تیایدا هونەرمەندان کاری جوانتر بکەن ئەمە وا دەکات بەو ئاستە بەرەو پێش نەچێت

پێشمەرگەو شەهید لە کوتی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟

من زۆر تابلۆم دروستکردووە کە تایبەتن بە پێشمەرگە و کوردستان جێی بۆتەوە و گرنگیەکی زۆر بە ئالا و شوێنەکانی کوردستان دەدەم لەبەرئەوەی لە کوردستان گەورە بووم بۆ من کوردستان خۆشەویستەو چونکە شوێنی مانەوەی هەموو کەسێکەو هەموو ئایین و نەتەوەیەکە هەر وەک لە تابلۆکانیشمدا ئەمە بەدی دەکرێت.

هاوڵاتیان تاچەند تابلۆی خۆمالی واتا بەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن؟

کڕینی تابلۆ تا چەند هۆکار دەبێت بۆ بەرەو پێشچوونی هونەری شێوەکاری؟

بەڵێ من زۆرێک لە تابلۆکانم تەنها حەز دەکەم لە داهاتوودا خەڵکی زیاتر بە هونەری شێوەکاری بناسێنم لە ڕێی تابلۆکانمەوە بڵێم : هونەری شێوەکاری بەشێکە لە دەربڕینی هەستی هونەرمەند و جگە لە جوانی و ناسینی ڕەنگەکان لە نزیکەوە.

حەز دەکەیت چ تابلۆیەک بکێشیت و پێشکەشی کێی بکەیت؟


زیاتر حەز دەکەم تابلۆ بکێشم تەعبیری بێت بۆ شتێک یان باس لە شتێک بکات و من تابلۆم بۆ زۆر کەس دروستکردوە و زۆر جاریش بە دیاری بەخشیوومە بە کەسە نزیکەکانم.

خەونت چیبە؟

خەونی من ئەوەیە پەرە بە کارەکەم بدەم و کوردستان وەکو وڵاتان لە بواری هونەری شێوەکاریدا لەپلەی بەرزدا ببینم و سەربەرزم کە کارەکانم لە کوردستان جێگای خۆی کردۆتەوە.


پرۆژەی داهاتووت چیبە؟

بەردەوام دەبم لە کارەکەم ئەگەر کاتم هەبێت پرۆژەیەکم دەبێت بۆ فێرکردنی ئەم هونەرە ئەو کەسانەی کە خولیای ئەم کارەن بۆ ئەوەی کوردستانیش لەو بوارەدا بەرەو پێش ببەین.



لە زۆربەی تابلۆکانمدا پێشمەرگە و کوردستان جێیان بۆتەوە

گوگڵ هەوڵی چارەسەرکردنی سستی هێڵی ئینتەرنێت دەدات



هەردەوان:کۆمپانیای گوگڵ نوێترین تایبەتمەندی زیادکرد، کە ئەویش بریتییە لە ڤێرژنێکی ئەزموونی بەناوی (یوتیوب گۆ) بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خاوی ئینتەرنێت، کە بەشێک لەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا گرفتیان لەگەڵیدا هەیە.بەپێی هەواڵێکی وێبسایتی ماشابڵی ئەمریکی، ئەم بەرنامە نوێیەی گوگڵ یەکەمجار لەوڵاتی هیندستان کاردەکات و دواتریش لەوڵاتەکانی تری جیهان بڵاودەبێتەوە وەک ڤێرژنێکی جێگیری کارپێکراو.لەئێستاشدا ئەو بەرنامەیە لە ستۆری گوگڵ پلەیدا بوونی هەیە، هۆکاری ئەوەش کە بۆ یەکەمجار لەوڵاتی هیندستاندا بڵاودەکرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو وڵاتە خاوترین هێڵی ئینتەرنێتی هەیە لەهەموو کیشوەری ئاسیادا. بەرنامە نوێیەکە کۆمەڵێک بژاردە دەخاتە بەردەست بەکاربەران، تا بتوانن کۆنترۆڵی چۆنیەتی کارپێکردنی ڤیدیۆکان هەڵبژێرن، هەروەها ئەم بەرنامە نوێیە یارمەتیدەرە بۆ خەزنکردنی ڤیدیۆکان تاوەکو دواتر بتوانرێت بەبێ بەکارهێنانی ئینتەرنێت تەماشابکرێنەوە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەربەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکن، یان بەربەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لوونەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
ئەخۆشیەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵچوان و ئەو کەسانە هەیە کە ئەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و ئەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان


تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە

لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلی تایبەتی کەولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت دابپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەربەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتایەت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو ژاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.

چارەسەرییە پزیشکییەکان
ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی